# حکومەتەکەی عادل عەبدولمەهدی عێراق بەرەو کوێ دەبات؟

**«عەبدوڵا تۆ عێراقت نەبینیبوو کە من بینیبووم، دەوڵەتێکی بەهێزو بەتوانا بوو، شایەتیان بۆ دەدا، لە رووی سیاسی و ئابووری و سەربازیشەوە بەتوانا بوو. بەڵام خەڵکەکە دەستیان کرد بە رووخانی دەوڵەت بەو ئومێدەی کە جارێکی دیکە بنیادی بنێنەوە، بەڵام ئەو دەوڵەتەی کە برووخێت، جارێکی دیکە چاك نابێتەوە.»**

**عەبدولفەتاح سیسی سەرۆکی میسر، شەرمم ئەلشێخ، چالاکییەکانی کۆڕبەندی لاوان ٤ی نۆڤەمبەری ٢٠١٨**

**(١)**

پرسیارەکە بریتییە لە: حکومەتەکەی عادل عەبدولمەهدی عێراق بەرەو کوێ دەبات؟ وەك رەنگدانەوەیەکی دۆخی ئەو نیگەرانییەی کە بەرهەمی ئەو پەرەسەندنە مەترسیدارانەی دەوروبەری عێراقە لەوەتەی داگیرکاریی ئەمریکا لە ساڵی٢٠٠٣، ئەمەش شتێکی ئاساییە کە خۆخەریکردنی خەڵکەکەیە لە چوارچێوەی ترس و دڵەڕاوکێدا بەو شتانەی کە ئێستا و لە ئایندەشدا لە عێراق روودەدەن.

کەواتە، بارودۆخی عێراق زۆر مایەی نیگەرانییە، بەرهەمی فرە فاکتەرێکە، لە هەمان کاتدا ئەو بارودۆخەی عێراق رەنگدانەوەی بوونی قەیرانێکی قووڵی سیاسییە لە بونیادی سیاسیی عێراقدا.

لە چوارچێوەی زانستی سیاسیدا چەندین میتۆدمان هەیە بۆ دیراسەکردنی دۆخی ئەو وڵاتانەی کە سیستەمە سیاسییەکانیان بە دەست قەیرانگەلێکەوە دەناڵێنن (جا چ توند بن، یان نا)، توێژەران لە زانستی سیاسەتدا، ئەم قەیرانانەیان (کە پەیوەستن بە یەکسانی و توانای ئەنجامدان لای سیستەمی سیاسی و پسپۆڕ لە ئەرکەکاندا سەبارەت بە دامەزراوە حکوومییەکان) دابەشیان کردووە بۆ پێنج قەیرانی تێکچرژاو و تێکەڵ بە یەکدی بە شێوەیەك کە هەموو قەیرانێك پەیوەستە بەوی دیکەیانەوە.

ئوستادە ئەمریکییەکان (لۆشیان پای Lucian Pye وماریۆن فینێر Myron Weiner وجوزیف لاپلامبورا Joseph La Palombara و لیۆنارد بیندر Leonard Binder وجیمس کولیمان James Coleman) وێنایەکی گرنگ پێشکەش دەکەن دەربارەی قەیرانەکانی سیستەمی سیاسی لە وڵاتە گەشەسەندووەکاندا لە کتێبێکی ناودار بە ناونیشانی قەیرانەکان و ئاسەواریان لە پەرەسەندنە سیاسییەکاندا، -Crises and Sequenc



پ.د. شێرزاد نەجار
■ تایبەت بۆ گوڵان نووسیویەتی

es in Political Development کە دەکرێ وەك خوارەوە دیاری بکرێن:

Contents: I. «Crises of Political Development‹» Leonard Binder. II. «The Development Syndrome: Differentiation- Equality-Capacity‹» James S. Colcman. III. «Identity and the Political Culture‹» Lucian W. Pye. IV. «The Legitimacy Crisis‹» Lucian W. Pye. V. «Political Participation: Crisis of the Political Process‹» Myron Weiner. VI. «Penetration: A Crisis of Governmental Capacity‹» Joseph LaPalombara. VII. «Distribution: A Crisis of Resource Management‹» Joseph LaPalombara. VIII. «Sequences and Development‹» Sidney Verba. Index.

● **١- قەیرانی ناسنامە** Crisis Identity

ئەم قەیرانە کاتێك دەردەکەوێت کە دەوڵەت رووبەڕووی ئەو دژواریانە دەبێتەوە کە پەیوەستن بە تێکەڵکردنی هەموو هاووڵاتیان لە چوارچێوەیەکی یەکگرتوو و کۆکردنەویان بە جیاوازیی ئینتیمای تەسکی لۆکاڵی و پەیوەندیدار بە زمان و رەگەزو مەزهەب، ئەم قەیرانە ئینتیمای هاونیشتمانی بۆ نیشتمانەکەی لاواز دەکات، دەکرێ هۆکارەکانی ئەو قەیرانە بە جیاوازییەکانی ئیتنی و زمان و ئابووری و جینایەتییەوە دەستنیشان بکرێن، ئەم حاڵەتەش دەبێتە هۆی لەدەستدانی متمانە بە ناسنامەی نیشتمانی و دواتر پەنابردن بۆ ناسنامەی لاوەکی کە دەبێتە دەرچەیەك بۆ هەڵاتن لەم حاڵەتە.

● **٢- قەیرانی شەرعییەت** The Legitimacy Crisis

ئەم قەیرانە پەیوەستە بە دیاردەی رازینەبوونی هاونیشتمانیان بە سیستەمێکی دیاریکراوی سیاسی، دواتر ئەو سیستەمە بە ناشەرعی دابنرێت، لێرەدا چەندین فاکتەر رۆڵیان هەیە: ئەوەی پەیوەستە بە سرووشتی دەسەڵاتەوە و تاچەند حکومەتەکە بەرگەی بەرپرسیارێتییەکانی دەگرێت بەرامبەر بە گەل، هەروەها ئاستی ڕێزگرتنی دەسەڵاتی

کاتێک دەستوور ڕێزی لێ ناگیرێت، ئەوا دەکەوینە بەردەم دیاردەی نەبوونی دەستاودەستکردنی ئاشتییانەی دەسەڵات و دەمکوتکردنی ئۆپۆزسیۆن و پەنابردن بۆ ڕێکخستنی هەڵبژاردنی ساختە و ناپاک

بارودۆخی عێراق دۆخی قەیرانێکی ڕاستەقینەیە کە ڕووبەڕووی بۆتەوە وەک دەوڵەتێک و سیستەمێکی سیاسی، عێراق وەک دەوڵەت لە قەیرانێکدایە لە بنەڕەتەوە پەیوەستە بە مەسەلەی بینادنانی دەوڵەتەوە

چەندین دەوڵەتی زۆر پتەو هەوڵدەدەن پرۆسەی بنیادنانی دەوڵەت لە ناوخۆوە ئەنجام بدەن، لە ڕێی جیاکردنەوەی چاکسازیی ئیداری و دامەزراوەیی لە چاکسازیی سیاسی و کۆمەڵگەیی

سیاسی بۆ دەستوور، کاتێك دەستوور ڕێزی لێ ناگیرێت، ئەوا دەکەوینە بەردەم دیاردەی نەبوونی دەستاودەستکردنی ئاشتییانەی دەسەڵات و دەمکوتکردنی ئۆپۆزسیۆن و پەنابردن بۆ ڕێکخستنی هەڵبژاردنی ساختە و ناپاك.

**● ٣- قەیرانی بەشداری سیاسی** Political Participation Crisis

ئەم قەیرانە ئەو کاتە دەردەکەوێت کە هاونیشتمانیان دووردەخرێنەوە لەو ڕۆڵەی هەیانە لە ژیانی گشتیی وڵات. بەشداریکردنی ڕواڵەتی لە هەڵبژاردنەکاندا مانای ئەوە نییە کە هاونیشتمانی بەشدارییەکی جددی دەبێت لە ژیانی سیاسیدا کاتێك دەسەڵات کەڵەکە دەبێت لە بەرژەوەندیی دەسەڵاتی جێبەجێکردن و پەراوێزخستنی ڕۆڵی دەسەڵاتی یاسادانان کە ئەمەش دەبێتە هۆی خولْقاندنی قەیرانێکی تازە کە بیرمەندی یاساناسی ئەڵمانی کارل شمدت بە (قەیرانی پەرلەمان) ناوی بردووە. هەموو ئەو فاکتەرانە دەبنە هۆی دوورکەوتنەوەی کردەنیی هاووڵاتیان لە سیاسەت و بڵاوبوونەوەی بەها نەرێنییەکان و نامۆبوون و بێسەروبەریی سیاسی.

**● ٤- قەیرانی ڕۆچوون** Penetration Crisis

ئەم قەیرانە بریتییە لەوەی کە سیستەمی سیاسی توانای ڕۆچوون و درێژکردنەوەی دەسترۆیشتوویی نەبێت بۆ هەموو ناوچەکانی دەوڵەت و سەپاندنی دەسەڵات بەسەر ئەو ناوچانەدا، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە بە زەحمەت بتوانرێت تێکەڵ بە کۆمەڵگە و هاووڵاتیان ببێت، هاوکات سوودوەرنەگرتنیان لە حکومەت و پرۆژەکان، ئەم جۆرە قەیرانە مەترسیدارە، چونکە بێدەسەڵاتیی سیستەمەکە دەردەخات لەوەی کە بوونی لە هەموو ناوچەکانی دەوڵەت هەبێت.

**٥- قەیرانی دابەشکردن** Distribution Crisis

ئەم قەیرانە پەیوەندی هەیە بە توانای سیستەمی سیاسی بە سەر دابەشکردنی دادپەروەرانەی سامان و خزمەتگوزاری و دەستکەوتەکانی ماددی و نامادی وەك (ئاسایش، پەروەردە، ڕۆشنبیری، خزمەتگوزارییەکانی تەندروستی و کۆمەڵایەتی).

لێرەدا کێشە چینایەتییەکان (ململانێی چینایەتی) و ئابووری (بێبەشکردنی ئابووری) و سیاسی (گەندەڵی و بەکارهێنانی دەسەڵات و نەبوونی شەفافییەت) ڕۆڵی گرنگ لە خولْقاندنی ئەو قەیرانەدا دەبینن.

ئەو قەیرانانە سەردەکێشن بۆ قەیرانێکی دیکە، کە مەترسیدارە و ئەنجامی وێرانکەری دەبێت ئەگەر چارەسەرنەکرێت، ئەویش قەیرانی سەقامگیریی سیاسییە کە لەسەر دوو ئاستدایە:

أ- ئاستی دەوڵەت بە گشتی: پەیوەستە بە پرۆسەی بیادنانی دەوڵەت لە رووی دروستکردنی دامەزراوگەلێکی بەهێز و کارا کە بتوانن ئامانجەکانی دەوڵەت بێننەدی و ببنە ئەڵقەیەکی گەیەنەر لە نێوان سیستەمە سیاسییەکە و هاووڵاتیاندا.

ب- ئاستی سیستەمی سیاسی: پەیوەستە بە لاوازیی دامەزراوەکان لەنێو دەوڵەتدا بە شێوەیەك کە کاربکاتە سەر ئاستی ئەداو سەقامگیریی سیستەمی سیاسی.

**(٢)**

لەبەر ئەوە، دەکرێ بڵێین کە بارودۆخی عێراق دۆخی قەیرانێکی ڕاستەقینەیە کە ڕووبەڕووی بۆتەوە وەك دەوڵەتێك و سیستەمێکی سیاسی، عێراق وەك دەوڵەت لە قەیرانێکدایە لە بنەڕەتەوە پەیوەستە بە مەسەلەی بینادنانی دەوڵەتەوە، بیرمەندی ئەمریکی فرەنسیس فۆکۆیاما لە کتێبی بنیادنانی دەوڵەتدا: سیستەمی جیهانی و کێشەی حوکمڕانی و ئیدارە لە سەدەی بیست و یەکدا، پێیوایە بنیادنانی دەوڵەت دوو خاڵ دەورووژێنێت کە بریتین لە:

* داخورانی پرەنسیپی سەروەریی دەرئەنجامی (دەستتێوەردانی مرۆیی) بوو لە کۆسۆڤۆ و ڕواندا و سۆماڵ و کۆنگۆ و تەیمووری ڕۆژهەڵات و شوێنەکانی دیکەی جیهان کە چەندین کوشتارگەی خوێناوی و پێشێلکردنی مەترسیداری مافەکانی مرۆڤی بەخۆیانەوە بینی، هەروەها قەیرانی دەوڵەتانی لاوازو شکستخواردوو و شڵەژاو ئەمڕۆ بوونەتە هەڕەشەیەکی ئەمنیی جددی بۆ سەر دەوڵەتانی بەهێز و دەوڵەمەند.

* چەندین دەوڵەتی زۆر پتەو هەوڵدەدەن پرۆسەی بنیادنانی دەوڵەت لە ناوخۆوە ئەنجام بدەن، لە ڕێی جیاکردنەوەی چاکسازیی ئیداری و دامەزراوەیی لە چاکسازیی سیاسی و کۆمەڵگەیی.

فۆکۆیاما جەخت دەکاتەوە کە ویلایەتە

یەکگرتووەکانی ئەمریکا دوای کۆتایی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکان، چەندین بەرپرسیارێتیی بنەڕەتی نوێی بۆ پەیدا بوو پەیوەست بە بنیادنانی دەوڵەت لە عێراق، لە پێشەوەی ئەو بەرپرسیاریەتییانە (پاڵپشتیکردنی تواناکانی دامەزراوە لەناوچووەکانی دەوڵەت، یان پێکهێنانەوەیان لە سفرەوە).

هەروەها دەڵێت: عێراق وڵاتێکی زۆر پێشکەوتوو بوو، سامانی ماددی و مرۆیی زۆری هەبوو، کێشەکە لێرەدا ئەوەیە کە ئەو دامەزراوانەی کاریان دەکرد، راستەوخۆ لە دوای شەڕەکەوە هەرەسیان هێنا، یان هەڵوەشانەوە هەر لەگەڵ کۆتایی شەڕدا، بۆیە پێویستیان بە بنیادنانەوە هەیە، لەگەڵ لەدەستدانی بڕێکی زۆری توانای ئیداری لە ئەنجامی تاڵان و پشێوی و بێ سەروبەری دوابەدوای دەستتێوەردانی سەربازی.

بەڵام ویلایەتە یەکگرتووەکان نەیتوانی ئەو بەرپرسیارێتییە هەڵبگرێت، بۆیە عێراق دژە پەرەسەندنی بەرامبەر پرۆسەی بنیادنانی دەوڵەت بەخۆیەوە بینی، لەمیانی لاوازکردنی کاریگەریی توانای کەڵەکەبووی ئیداریی بیرۆکراتی و دانانی کەسانی کەمشارەزا لە بەڕێوەبردنی دامەزراوە گرنگەکان، ئەمەش بووە هۆی هێنانەکایەی رەوشێکی تراژیدی بۆ دەوڵەتی عێراق و بواری بۆ سەرهەڵدانی ناسنامەی لۆکاڵی و ئایینی و ئیتنی رەخساند، وەك بڵێی عێراق گەڕایەوە سەردەمی ساڵی ١٩٢١. ئەو سیستەمە سیاسییەی دوای ساڵی ٢٠٠٣ دامەزرا لە رەوشێکی باشدا نەبوو بۆ بنیادنانی دەوڵەت، پێشترو ئێستاش بەدەست کێشەیەکی زۆری بنیاتگەرییەوە دەناڵێنێت، بەتایبەتی لە حاڵەتی نەگونجان لەنێوان حزبەکانی نێو حکومەت، ئەمەش بووە هۆی پەیدابوونی جیاوازیی هەمەجۆر و تایبەت بە بەرنامەکانی حکومەت و چۆنێتیی جێبەجێکردنیان، لە زۆر حاڵەتیشدا حکومەت تووشی ئیفلیجی بووە، دەسەڵاتی یاسادانانیش لەم کێشەیە بەدەر نەبووە، چونکە زۆربەی کارەکانی دەکەوتنە ژێر کاریگەریی ململانێ سیاسییەکانی حزب و هێزە سیاسییەکان.

بەڵام ئەم باسە هەر ئەوەندە نییە، بەڵکو هەموو ئەم ئەشکالیات و ئاڵۆزیانە لە کاریگەرییە دەرەکییەکان بەدەر نەبوون، بەڵکو بەپێچەوانەوە فشارە دەرەکییەکان رۆڵی کاریگەریان دەبێت لە پرۆسەی سیاسیی عێراق.

کەواتە، پرۆسەی بنیادنانی دەوڵەت و حکومەتێکی سەقامگیر و بەهێزو دامەزراوە چالاکەکان لە عێراق رووبەڕووی کێشەیەکی راستەقینە و مەترسیدارە بۆتەوە، بۆیە لەو پرۆسەیەدا پێویستە هەر دوو پرۆسەی (بنیادنانی دەوڵەت) و (بنیادنانی نەتەوە) تێکەڵ بکرێن، بۆ هێنانەکایەی هاوسەنگییەکی پێویست کە ببێتە هۆی لێککەوتێکی بەردەوام لەنێوان دەوڵەت و کۆمەڵگە، بە تەنیا تەرکیزکردنە سەر پرۆسەی بنیادنانی دەوڵەت دەبێتە هۆی دامەزراندنی دەوڵەتێکی بەهێز، بەڵام ئاراستەیەکی دەسەڵاتخوازی وەردەگرێت کە کۆمەڵگە دەکاتە کۆمەڵگەیەکی جەماوەری. ئەو دەوڵەتە بەهێز دەبێت، بەڵام لە هەناویدا تۆوی لەناوچوون هەڵدەگرێت، لەبەرئەوەی دەبێتە دەوڵەتێکی فشۆڵ، چونکە شەرعییەتی پێویست بۆ بەردەوامبوونی حوکمڕانی لەدەستدەدات، بینادنانی دەوڵەتێك کە قابیلی بەردەوامبوون بێت، پێویستی بە دوو شتی گرنگە: سەروەری و شەرعییەت.

**(٣)**

ئەو دەستەبژێرەی لەدوای ساڵی ٢٠٠٣ هاتنە دەسەڵاتەوە لە عێراق دەستەبژێرێکی یەکگرتوو، یان هاوڕا نەبوون لەسەر خاڵە هاوبەشەکان بۆ بەدیهێنانی بەرژەوەندی و سوودی گشتیی هاوبەشدا، بەپێی تێگەیشتنی ئەرستۆتالی، بەڵکو ئەوانە بە شێوەی پرۆسەی دیموکراسی نەهاتن کە پشت بە هەڵبژاردن ببەستێت، تەنانەت ئەمریکییەکان رێگەیان بۆ خۆشکردن تا دەسەڵات بگرنە دەست، بەپێی پرەنسیپی پشك پشکێنەی تایفەگەری و مەزهەبی و نەتەوەیی، بەڵام دیدگای ئەو دەستەبژێرە جیاوازبوو لەنێوان تێڕوانینی ئایینی و لیبراڵی و تایفەگەریدا، هەرچی دیدگای عەلمانیشە داکشا یان کزبوو، ئەمەش لەو پێکهاتەیەی ئەنجومەنی حوکم رەنگی دایەوە کە حاکمی مەدەنی برێمەر دروستی کرد، ئەمریکییەکان هەموو قورساییەکیان خستەسەر دەرکردنی چەند بڕیارێك بۆ تێکدانی ژێرخانی دەوڵەتی عێراق (هەڵوەشاندنەوەی سوپاو ئەمن) ئەمەش هەلی رەخساند تا بێ سەروبەری و پشێوی عێراق

**پرۆسەی بنیادنانی دەوڵەت و حکومەتێکی سەقامگیر و بەهێزو دامەزراوە چالاکەکان لە عێراق رووبەڕووی کێشەیەکی راستەقینە و مەترسیدارە بۆتەوە، بۆیە لەو پرۆسەیەدا پێویستە هەر دوو پرۆسەی (بنیادنانی دەوڵەت) و (بنیادنانی نەتەوە) تێکەڵ بکرێن**

**بە تەنیا تەرکیزکردنە سەر پرۆسەی بنیادنانی دەوڵەت دەبێتە هۆی دامەزراندنی دەوڵەتێکی بەهێز، بەڵام ئاراستەیەکی دەسەڵاتخوازی وەردەگرێت کە کۆمەڵگە دەکاتە کۆمەڵگەیەکی جەماوەری. ئەو دەوڵەتە بەهێز دەبێت، بەڵام لە هەناویدا تۆوی لەناوچوون هەڵدەگرێت**

**ئەو دەستەبژێرەی لەدوای ساڵی ٢٠٠٣ هاتنە دەسەڵاتەوە لە عێراق دەستەبژێرێکی یەکگرتوو، یان هاوڕا نەبوون لەسەر خاڵە هاوبەشەکان بۆ بەدیهێنانی بەرژەوەندی و سوودی گشتیی هاوبەشدا**

بگرێتەوە، هەروەها توانییان دەستوورێکی تازە بسەپێنن بە ناوی (یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت بۆ قۆناخی گواستنەوە) لە ٨ی ئاداری ٢٠٠٤دا کە شێوەی دەوڵەتی عێراقی گۆڕی لە دەوڵەتێکی سادەوە بۆ دەوڵەتێکی فیدراڵ، ئەم گۆڕانکارییەش لە دەستووری ٢٠٠٥دا جەختی لێکرایەوە. بۆیە سیستەمی سیاسی لە عێراق دەکرێ بەوە وەسف بکرێت کە سیستەمێکە توانای بەجێگەیاندنی ئەرکەکانی نییە، لەبەر ئەوەیە لەوەتەی ٢٠٠٣وە رووبەڕووی چەندین کێشەی بۆتەوە کە دەوڵەتی عێراقیان گرتۆتەوە.

**ئەمریکییەکان هەموو قورساییەکیان خستەسەر دەرکردنی چەند بڕیارێک بۆ تێکدانی ژێرخانی دەوڵەتی عێراق (هەڵوەشاندنەوەی سوپاو ئەمن) ئەمەش هەلی رەخساند تا بێ سەروبەری و پشێوی عێراق بگرێتەوە**

بەشێوەیەکی گشتی سیستەمی سیاسی ئامانجێکی دیاریکراو و وردی هەیە کە بریتییە لە کارکردن بۆ پەیداکردنی پابەندبوون و رایەڵیی نێو کۆمەڵگە، ئەمەش بە واتای خوڵقاندنی وەلا و پابەندبوونی کۆمەڵگەیی لەهەمبەر سیستەمی سیاسیدا کە دەبێتە هۆی یەکگرتنی کۆمەڵگە، بۆیە سیستەمی سیاسی لەپێناو لێکترازاندنی کۆمەڵگە نەهاتووە، بەڵکو بەپێچەوانەوە بۆ پێویستی بەدیهاتنی یەکێتیی کۆمەڵگە هاتۆتەئاراوە. کەواتە سیستەمی سیاسی بۆ ئەوە دامەزراوە کە ئەرکێکی گرنگ ئەنجام بدات، ئەویش ئەرکی هێنانەکایەی پابەندبوونی گشتییە لەلایەن هاووڵاتیانەوە بەرامبەر بەهاو پرەنسیپەکانی نێو دەستوور، ئەمەش دەبێتە هۆی هێنانەئارای گوێڕایەڵی و کولتوورێکی یەکگرتووی سیاسی، دواجار دەبێتە پاڵپشتی سیاسی، کاتێکیش سیستەمی سیاسی ئەو ئەرکانە جێبەجێ دەکات، ئەوا پابەندبوونێکی گشتیی هاووڵاتیان بە بڕیارەکانی ئەو سیستەمە دێنێتە ئاراوە، کەواتە لەسەر سیستەمی سیاسی پێویستە زەمینەگەلێك بڕەخسێنێت بۆ گوێڕایەڵی هاووڵاتیان بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی.ئەمەش پەیوەستە بە پرسی دابینکردنی کەشوهەوای دیموکراسی، لێرەدا دیموکراسی دەبێتە پێوەری حوکمدان لەسەر بڕیارەکان کە ئایا باشن یان خراپن، ئەویش لە رێی ئەو پرۆسەیە، پێشبینی دەکرێت ئەو بەدەنگەوەهاتنە ئەرێنی بێت، دواجار سیستەمی سیاسی ئەرکی خۆی بەجێهێناوە کاتێ هاووڵاتیان خۆبەخشانە ئەو دەستکەوتانە قبووڵ دەکەن.

**لەسەر سیستەمی سیاسی پێویستە زەمینەگەلێک بڕەخسێنێت بۆ گوێڕایەڵی هاووڵاتیان بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی.ئەمەش پەیوەستە بە پرسی دابینکردنی کەشوهەوای دیموکراسی، لێرەدا دیموکراسی دەبێتە پێوەری حوکمدان لەسەر بڕیارەکان کە ئایا باشن یان خراپن**

پرۆفیسۆری ئەڵمانی شمیت لە کتێبێکی خۆیدا بە ناونیشانی دەستکەوتەکانی سیستەمی سیاسیی دیموکراسی روونی دەکاتەوە کە دەستکەوتەکانی سیستەمی سیاسی هەشت رەهەندی هەیە: پارێزگاریکردن لە سیستەمەکە، دەستەبەرکردنی توانای خۆگونجاندن، پشکداریی سیاسی، پاڵپشتی سیاسی، دادپەروەری، خۆشگوزەرانی، ئاسایش، ئازادی.

کاتێك لە سیستەمی سیاسیی عێراق دوای ٢٠٠٣ ورد دەبینەوە، تێبینی دەکەین کە ئەو رەهەندانەی سەرەوەی تێدا نییە، ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی کە نەتوانێت ئەرکەکانی جێبەجێ بکات، دواجار بکەوێتە نێو قەیرانێکی قووڵی سیاسییەوە، کە ئاکارەکانی لەو خاڵانەی خوارەوەدا دەردەکەون:

- جێبەجێ نەکردنی پرەنسیپەکانی دەستووری ساڵی ٢٠٠٥.
- سەرهەڵدانی ململانێی ناوخۆیی تایفەگەری و بەتایبەتیش لە ساڵی ٢٠٠٦-٢٠٠٧دا.
- جیاوازیبوون لە چەمك و تێگەیشتنی فیدراڵییەت.
- گرژبوونی پەیوەندییەکان لەگەڵ هەرێمی کوردستانی عێراق پەیوەست بە سیاسەتی نەوتی و چارەسەرکردنی کێشەی ناوچە جێناکۆکەکان بەپێی ماددەی ١٤٠ی دەستوور، بڕینی پشکی هەرێم لە بودجەی گشتی کە کاریگەریی راستەوخۆی هەبوو بۆ رەوشی هاووڵاتی لە هەرێمدا.
- سەرهەڵدانی لە ناکاوی رێکخراوی دەوڵەتی داعش و کۆنترۆڵکردنی نزیکەی ٤٠ لە سەدای رووبەری عێراق.
- سستیی پرۆسەی یاسادانان و سەرقاڵ بوونی بە کێشە ناوخۆییەکانیەوە.
- هەڵکشانی کۆچی ناوخۆی هاووڵاتیان (بە نزیکەی ٤ ملیۆن کەس).
- زیادبوونی ژمارەی هاووڵاتیانی عێراق ئەوانەی روویان لە دەرەوە کرد.
- ئیفلیجبوونی کاروباری حکومەت.
- زیادبوونی تەقینەوەکان.

ئەم هەموو ئاماژانە مافمان پێ دەدەن کە پرسیارێکی رەوا بکەین دەربارەی:

عێراق بەرەو کوێ؟ ئایا عادل عەبدولمەهدی دەتوانێت نزیك ببێتەوە لە دانانی چارەسەر بۆ کێشەکانی سیستەمی سیاسی و دواتر کێشەکانی دەوڵەتی عێراق؟

**تاکە کەسایەتیی کە رەزامەندییەکەی بنەڕەتی بوو بۆ گەیشتنی عەبدولمەهدی بۆ سەرۆکایەتیی وەزیران هادی عامری-ی سەرکردەی رێکخراوی بەدرو سەرۆکی هاوپەیمانی فەتح بوو**

به رای توێژەر (کیرك سویل Kirk H. Sowell) حكومەتی عادل عەبدولمەهدی حكومەتێكی درزتێكەوتووە a fractured Cabinet، چونكە سەرەڕای ئەوەی كە كوتلە سیاسییەكانی عێراق ڕەزامەند بوون بە دانانی عادل عەبدولمەهدی بە سەرۆكی تازەی وەزیران، بەڵام نەبوونی ئیئتلافێكی یەكگرتوو لاوازیی بنەڕەتیی ئەو حكومەتە دەردەخات، دواجار توانی بە هەزار حاڵ متمانەو دەنگدان بەدەست بهێنێت بە دوو لەسەر سێ لە بەرژەوەندیی ئەندامانی حكومەتەكەی لە ٢٥ی تشرینی یەكەمی رابردوودا، كە ڕووبەڕووی فشاری عێراقییەكان دەبێتەوە كە ناڕازی و تووڕەن بەهۆی ئەو شكستە یەك لەدوای یەكەكانی ساڵانی پێشتر لە دابینكردنی خزمەتگوزاریی ئەمنی و گشتی.

ئەو ئیئتلافەی كە عەبدولمەهدی بۆ سەرۆكایەتیی حكومەت ناو نا تەمومژاوی و لێكترازاو بوو، سەرەڕای ئەوەی كە سەدر داینەمۆی ناونانی بوو، بەڵام تاكە كەسایەتیی كە ڕەزامەندییەكەی بنەڕەتی بوو بۆ گەیشتنی عەبدولمەهدی بۆ سەرۆكایەتیی وەزیران هادی عامری- ی سەركردەی ڕێكخراوی بەدرو سەرۆكی هاوپەیمانی فەتح بوو، كە ٤٨ كورسی بەدەست هێنابوو، بەمەش دووەم گەورە كوتلە بوو لە پەرلەمان دوای هاوپەیمانیی سائرون بە سەرۆكایەتیی سەدر كە ٥٤ كورسی بەدەست هێنا.

وێنەكە زۆر ڕوون نەبوو تا ئەو ڕادەیەی هەموو كاروبارەكان لای عێراقییەكان تێكەڵ بە یەكدی بوون، كە بە تەواوی بۆیان ڕوون نەبۆوە كامە كوتلە، یان ئەو كوتلانە بوون كە عەبدولمەهدی-یان بۆ سەرۆكایەتی وەزیران ناو نا، لێرە تێبینی پێشێلكارییەكی مەترسیداری دەستووری ساڵی ٢٠٠٥ی عێراق دەكرێت، چونكە لە ماددەی ٧٦ دا هاتووە كە لەسەر سەرۆك كۆمار پێویستە كاندیدی ئەو كوتلە پەرلەمانییە ڕاسپێرێت كە زۆرترین ژمارەی هەیە بۆ پێكهێنانی حكومەت، بەڵام ئەو كوتلەیە هێشتا پێكنەهاتبوو، كاتێك عادل عەبدولمەهدی بۆ پێكهێنانی وەزارەت ڕاسپێردرا. لەكاتێكدا كە عێراق پێویستی بە حكومەتێكی بەهێز هەیە كە بەرنامەیەكی ڕوونی هەبێت لە سیاسەتەكانی لەپێناو بەلاوەنانی ئەو تەحەددییانەی ڕووبەڕووی وڵات بوونەتەوە، دەبینین كە سەرۆك وەزیرانی تازە كەوتۆتە نێو گێژەنی كێشەكان، لە نەبوونی ڕێگەپێدانێكی میللی و ئیئتلافێكی سەقامگیردا دیارە عەبدولمەهدی ڕووبەڕووی شەڕێكی قورس دەبێتەوە هەر كاتێ ویستی ڕەزامەندی بەدەست بهێنێت بۆ دەركردنی یاسایەك، یان دامەزراندنی كەسێك.

لە توێژینەوەیەكی دەزگای ڕاوێژكاریی ئابووری و سیاسیی ئەمریكی Fitch Solutions ئەو كێشە گرنگانە دیاریكراون كە ڕووبەڕووی حكومەتەكەی عادل عەبدولمەهدی دەبنەوە، لەوانە:

ئەو دواكەوتنەی ڕوویداوە لە وتوویژەكانی ئێستادا بۆ بڕیاردان لەسەر كاندیدانی وەزارەتە ئەمنییەكان دەریدەخات كە دابەشبوونێكی قووڵ هەیە لەنێوان ئەو پەرلەمانتارانەی بەو دواییە هەڵبژێردراون، هەروەها پرۆسەی بڕیاردان ڕووبەڕووی تەحەددیی گەورە دەبێتەوە كە دواتر سەردەكێشێت بۆ دانانی جڵەوگیریی پێشبینییەكان بۆ ڕوودانی پێشكەوتن لە مەسەلەی چاكسازیی ئابووری و یەكخستن و تەواوكاریی هێزی ئەمنی، ئەگەر شتەكە بەم شێوەیە بێت، ئەوا تێكڕای مەترسییەكانی ناسەقامگیری هەر بە بەرزی دەمێنێتەوە، هەروەها سەرۆك وەزیرانی تازە (عادل عەبدولمەهدی) سیاسەتمەدارێكی بێلایەنە و پێویستی بە پشتیوانیی پەرلەمانە تا بتوانێت بڕیارو ڕێكارە سیاسییەكانی تێپەڕێنێت، بەڵام پەرلەمان لە ئاستێكی بەرزی لێكترازان و دابەشبووندایە، بەشێوەیەك كە وا دیارە پێشبینی ناكرێت عادل عەبدولمەهدی بتوانێت بە شێوەیەكی سەركەوتوو بەدواداچوون بۆ هەموو تەحەددییە بنەڕەتییەكانی عێراق بكات، هەروەها لەو كێشانەی كە زۆر پێویست بەدواداچوونیان بۆ بكرێت، قەڵاچۆكردنی گەندەڵییە كە لە وڵاتدا تەشەنەی كردووە، بەپێی ئاماژەی شەفافییەتی نێودەوڵەتی كە لە ٢٠١٧دا دەرچووە، عێراق لە ریزبەندی ١٦٩ دا هاتووە، وەك زۆرترین دەوڵەتی گەندەڵ لەنێوان ١٨٠ دەوڵەت كە لە خوارەوەی لیستەكەدایە، تەحەددای دیكەش كە ماوەتەوە هەڕەشەكانی ئەمنیە كە پاشماوەی شانەكانی داعش دەیكەن.

دامەزراوەی فتشی ئەمریكی ئاماژە بۆ ئەوە دەكات كە ئەم فاكتەرانە لە ناسەقامگیریی

**سەرۆك وەزیرانی تازە كەوتۆتە نێو گێژەنی كێشەكان، لە نەبوونی ڕێگەپێدانێكی میللی و ئیئتلافێكی سەقامگیردا دیارە عەبدولمەهدی ڕووبەڕووی شەڕێكی قورس دەبێتەوە هەر كاتێ ویستی ڕەزامەندی بەدەست بهێنێت بۆ دەركردنی یاسایەك، یان دامەزراندنی كەسێك**

**عادل عەبدولمەهدی سیاسەتمەدارێكی بێلایەنە و پێویستی بە پشتیوانیی پەرلەمانە تا بتوانێت بڕیارو ڕێكارە سیاسییەكانی تێپەڕێنێت، بەڵام پەرلەمان لە ئاستێكی بەرزی لێكترازان و دابەشبووندایە**

**بەپێی ئاماژەی شەفافییەتی نێودەوڵەتی كە لە ٢٠١٧دا دەرچووە، عێراق لە ریزبەندی ١٦٩ دا هاتووە، وەك زۆرترین دەوڵەتی گەندەڵ لەنێوان ١٨٠ دەوڵەت كە لە خوارەوەی لیستەكەدایە**

**بەڕای نێردراوی پێشووی یەکێتیی ئەوروپا بۆ عێراق (ستروان ستیڤنسۆن) ئەگەر گۆڕانکاریی راستەقینە لە بۆچوون و پرۆگرامی حکومەتە تازەکە نەکرێت لەچاو حکومەتەکانی پێشوو، ئەوا لەکوێوە دەستی پێکرد، هەر لەوێدا کۆتایی دێت**

**بەهۆی ئەو گەندەڵییەی لەنێو سەرکردە سیاسییەکانی حوکمرانی لە عێراقدا باوە، ئەوان کاریگیان کردووە وڵات بەهرەمەند نەبێت لە سەروەت و سامانە زۆرەکەی**

**هێزە دەسترۆیشتووەکانی حوکمران هەوڵدەدەن دەست بگرن بەسەر جومگە سەرەکییەکانی دەوڵەت و رێگەنادەن هێزەکانی دیکە بەشداری بکەن لە دروستکردنی بڕیارە یەکلاکەرەوەکان و دواتر سەرهەڵدانی دیاردەی پەراوێزخستن لە گۆڕەپانی عێراقدا**

سیاسی و ئەمنی وا دەکەن کە ئابووریی بازاڕی عێراق لە پلەی پێنجەمدا بێت لە نێو ١٩ بازاڕدا کە لە هەموو ئابوورییەکانی دەوڵەتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقیا زیاتر رووبەڕووی مەترسییەکان بۆتەوە.

بەڕای نێردراوی پێشووی یەکێتیی ئەوروپا بۆ عێراق (ستروان ستیڤنسۆن) ئەگەر گۆڕانکاریی راستەقینە لە بۆچوون و پرۆگرامی حکومەتە تازەکە نەکرێت لەچاو حکومەتەکانی پێشوو، ئەوا لەکوێوە دەستی پێکرد، هەر لەوێدا کۆتایی دێت، هەروەها دەڵێت: سەرۆك وەزیرانی تازە بەڵێنێکی دا لە شێوەی بەڵێنەکەی ئەوەی پێش خۆی (حەیدەر عەبادی)کە کابینەکەی لە کەسانی تەکنۆکرات پێکدەهێنێت، بەڵام ئەو کەسانەی داینان هیچ گۆڕانکارییەکی لەگەڵ حکومەتەکانی پێشوودا پیشان نەداوە، چونکە ئیئتلافی حزبەکان کە پاڵپشتی بوون بۆ ئەوەی ئەو پۆستە وەربگرێت، هەر یەکەیان داوای پشکی خۆی دەکات لە پۆستە حکومییەکان و کێبرکێیانە لەسەر بەدەستهێنانی پۆستە سەرەکییەکانی وەزارەت.

زۆرینەی پاڵێوراوانی کابینە وەزارییەکە حزبین و وەلایان بۆ ئەو حزبانە هەیە بۆ بەدیهێنانی بەرژەوەندیی تایبەت زیاتر لەوەی هەوڵبدەن بۆ بەرژەوەندیی دەوڵەت، ئاماژەش بەوە دەکات کە بێتوانایی عەبدولمەهدی بە پابەندبوون بە بەڵێنەکانی کە پێش هەڵبژاردنی دابووی، دەریدەخات کە سەرکردەیەکی لاوازە.

بەڵام بەهۆی ئەو گەندەڵییەی لەنێو سەرکردە سیاسییەکانی حوکمرانی لە عێراقدا باوە، ئەوان کاریگیان کردووە وڵات بەهرەمەند نەبێت لە سەروەت و سامانە زۆرەکەی، پچڕانی بەردەوامی تەزووی کارەباو تێکچوونی ژێرخان و چاودێریی تەندروستی و تێکچوونی سیستەمی ئاوەڕۆکان و کەمیی ئاوی خواردنەوەو پیسبوونی ئاو، ئەمانە تا ئەمڕۆ بەردەوامن تەنانەت لە بەسرە کە سەرچاوەی ئەم سامانەیە.


لەلایەکی دیکەوە ستیڤنسۆن پێشبینی دەکات کە ئەو ناکۆکییە لەنێوان بەغداو هەولێر بەردەوام بێت، هەروەها گرژیی تایفەگەریی سوننەو شیعە، ئاماژەش بەوە دەکات کە ئێران بەردەوام دەبێت لە فراوانخوازی لە وڵاتدا تاکو کۆنترۆڵی حکومەتیش بکات، دەرهاویشتەکانی ئەمەش لە هان نەدانی کۆمپانیا بیانییەکانی وەبەرهێنان لە عێراقدا دەردەکەوێت، دووپاتیشی دەکاتەوە کە نێردراوی ئەمریکا بۆ عێراق (بریت ماکگۆرك) سەرکەوتوو نەبوو لە هەوڵەکانی بۆ دانانی سنووریك بۆ بۆ باڵادەستیی ئێران لە عێراق چونکە زیاتر تەرکیزی کردۆتە سەر بڕاردەی یەکلاکردنەوەی کێشەکان لەنێوان بەرژەوەندییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان و ئێران لە وڵاتدا، ئاماژەش بەوە دەکات کە لەسەر حکومەتی ویلایەتە یەکگرتووەکان پێویستە بە تەواوی بوەستێتەوە بەرامبەر دەستتێوەردانی ئێران لە عێراق و حکومەتی عێراق ئاگادار بکاتەوە کە ناتوانێت مانۆڕ بکات لەنێوان ویلایەتە یەکگرتووەکان و ئێران، هەروەها ئەگەر پاڵپشتیی سیاسی و سەربازیی ئەمریکای دەوێت، با رووبەڕووی دەستتێوەردانی ئێران ببێتەوە.

گرنگترینی ئەو رەخنانەی ئاراستەی بەرنامە حکوومییەکەی عادل عەبدولمەهدی کراوەتەوە (گشتگیری) و( خستنەڕووی رووکەشی)یە، بەتایبەتیش لە بواری پێشخستنی کشتوکاڵ و پیشەسازیدا.

چەندین تێبینی هەن لەلایەن هەندێ لایەنەوە تایبەت بە بەرنامەکە و تۆمەتباری دەکەن بەوەی لایەنی دارشتنی پێوە دیارە و لە شێوەی دیدگای حکومەتەکانی پێشووە، دیارە ئەو رەخنانە دروستن لە هەندێ بابەتدا، بەرنامەکە لە چەندین لاپەڕەدا باسی (چەسپاندنی دیموکراسی) دەکات، بەڵام ئاماژەی نەکردووە بە دامەزراوەکانی پشتگیریی دیموکراسی، وەك حزب و سەندیکاو رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی. هەروەها رەخنە لە بەرنامە حکوومییەکە گیرا، لەبەر ئەوەی یاسای دەستەبەرکردنی کۆمەڵایەتی، کە پەرلەمان لە خولی پێشوو بڕیاری لێ دابوو، پشتگوێی خستووە، هەروەها کەمنەکردنەوەی نرخی پەیوەندییەکان.

**(٤)**

هێزە دەسترۆیشتووەکانی حوکمران هەوڵدەدەن دەست بگرن بەسەر جومگە سەرەکییەکانی دەوڵەت و رێگەنادەن هێزەکانی دیکە بەشداری بکەن لە دروستکردنی بڕیارە یەکلاکەرەوەکان و دواتر سەرهەڵدانی دیاردەی پەراوێزخستن لە گۆڕەپانی عێراقدا.



مانەوەی ئەو ئاراستەیە سیاسەتی عێراق لە عەقڵانییەت دوور دەخاتەوە کە ماکس ڤیبەر وەك بناخەی بەڕێوەبردنی دەوڵەت باسی کردووە، دواجار دەبێتە هۆی شکستگەلێکی زۆر و رەنگە نەتوانرێت ئاکامەکانی کۆنترۆڵ بکرێن کە دەبنە هۆی سەرهەڵدانی نیشانەکانی هەڵوەشانەوە لە عێراقدا.

لەسەر ئەو بنەمایەی سەرەوە، دەڵێین کە ئەگەر رۆڵ بە عەقڵانییەت نەدرێت لە سیاسەتی عێراق، ئەوا دەچێتە دۆخێکی کەمتر لەوەی وەسف بکرێت کە لە شێوەی بەسۆماڵکردنی عێراق و بۆ ماوەیەکی دیاریکراو تا ئەو کاتەی بەرژەوەندییە نێودەوڵەتی و ئیقلیمییەکان (مادامەکی عێراقییەکان لەسەر بەرژەوەندییە باڵاکان رێك ناکەون) لەسەر دابەشکردنی هەژموون لە عێراق و ناوچەکە رێکدەکەون، ئەو کاتە دیاردەبێت کە: ئایا عێراق لە دۆخی ئێستادا دەمێنێتەوە یان دەگۆڕێت، (چ بە شێوەی نەرێنی یان ئەرێنی). بەم شێوەیە دەگەڕێینەوە بۆ هەمان ئەو پرسیارەی لە سەرەتادا ورووژاندمان: عادل عەبدولمەهدی عێراق بەرەو چ ئایندەیەك دەبات؟ ئەگەر ئەو فاکتەرو توخمانەی سەرەوە توندوتۆڵ و کاریگەر بن لە سیستەمی حوکمڕانیدا، ئەوا زۆر زەحمەتە عێراق بەرەو کەناری ئارام ببرێت، ئەو کات عێراق لەژێر بارگرانیی کێشە جەوهەرییەکاندا دەناڵێنێت و هاوسەنگیی وەك دەوڵەت و سیستەمی سیاسی لەدەست دەدات.

**گرنگترینی ئەو رەخنانەی ئاراستەی بەرنامە حکوومییەکەی عادل عەبدولمەهدی کراوەتەوە (گشتگیری) و (خستنەرووی رووکەشی)یە، بەتایبەتیش لە بواری پێشخستنی کشتوکاڵ و پیشەسازیدا.**




# حوکمڕانیی سەرکەوتوو

## بەردی بناخەی پرۆسەی بونیادنانی نەتەوەیە



پرۆسەی بونیادنانی نەتەوە، قۆناخێکی مێژوویی و گرنگی هەر نەتەوەیەکە کە لە ماوەیەکی پێوانەییدا ئیرادە و توانای نەتەوە بۆ خۆبەڕێوەبردن و دەوڵەتداری پیشانی جیهان دەدات. نەتەوەی سەرکەوتووش لە پرۆسەی بونیادنانی نەتەوەو دەوڵەتداریدا لاسایی هیچ سیستمێکی سیاسی ناکاتەوە، بەڵکو ئیرادەی نەتەوە دەبێتە ئەو هێزە داهێنەرەی کە شێوازیکی تازەی سیستمی دەوڵەتداری دروست دەکات و ئەو شێوازە تازەیەش دەبێتە ئەو ناسنامەیەی کە ئیرادەی نەتەوە لەسەر ئاستی سیستم و دەوڵەتداری لە جیهاندا پێناسە دەکاتەوە.

لە پرۆسەی بونیادنانی نەتەوەدا، کەمن ئەو نەتەوانەی کە توانیویانە سەرکەوتووانە ئیرادەی خۆیان بگۆڕن بۆ ئەو هێزە داهێنەرەی کە شێوازێکی تازەی سیستمی حوکمڕانی و دەوڵەتداری پێ دابهێنن، هەر بۆیە ئەو نەتەوانەی کە سیستمی نەتەوەکانی دیکەیان کۆپی کردووە و پشتیان بە راوێژکاری بیانی بەستووە بۆ کۆپێکردنەوەی هەر سیستمێك، ئەوجا ئەو سیستمە (لیبراڵ دیموکراتی جیهانی، کاسۆلیکی رۆژئاوا، کۆمۆنیستی یەکێتی سۆڤیەتی پێشان، یان دەسەڵاتخوازی نەرمی رووسیا و چین و...هتد) بوویێت، ئەوا لەبەر ئەوەی نەتەوە پشتی بە ئیرادەی خۆی نەبەستووە و نەیتوانیوە ئیرادەی نەتەوە لە پرۆسەی حوکمڕانیدا بەرجەستە بکات، ئەوا لە پرۆسەی حوکمڕانی و بونیادنانی نەتەوەشدا شکستی هێناوە.

پرۆسەی بونیادنانی نەتەوە لەگەڵ پرۆسەی

حوكمڕانیی دەوڵەتدا دەستپێناكات، بەڵكو شانبەشانی دەستپێكی حوكمڕانیی سەركەوتوو دێتەبوون، لەگەڵ دەستپێكردنیشی بە كەلتوور و كەلچەری نەتەوە هەنگاوی خێرای ئەوتۆ دەبڕێت كە نەتەوەكانی دیكە دوچاری سەرسامبوون دەكات، ئەم میتۆدە تەواو پێچەوانەی ئەو بۆچوونەیە كە تەنیا حوكمڕانیی سەركەوتوو لە سیستمی لیبراڵ دیموكراتیی رۆژئاوا پێناسە دەكات و، جەخت لەسەر ئەوە دەكاتەوە كە حوكمڕانیی سەركەوتوو پێویستی بە كامڵبوونی كەلتوور و كەلچەری دیموكراتیی هەیە. نەخێر، ئەزموونە سەركەوتووەكانی پرۆسەی حوكمڕانی و بونیادنانی نەتەوە سەلماندوویانە كە حوكمڕانیی سەركەوتوو تەنیا بە كەلتوور و كەلچەری لۆكاڵیی نەتەوە دەبێتە شێوازێكی داهێنەرانەی سیستمی حوكمڕانییەكی سەركەوتوو.

لە مێژووی حوكمڕانیی سیستمی لیبراڵ دیموكراتیدا، ئەم سیستمە هەتا ئەو كاتە سەركەوتوو بووە، كە تایبەت بووە بە دەوڵەتانی رۆژئاوای كاسۆلیكی، هەر بۆیە ئەگەر سەیری تەوژمی سێیەمی دیموكراتیی بكەین، كە بە یۆنان و ئیسپانیا و پۆرتوگال لە حەفتاكانی سەدەی رابردوو دەستی پێكرد، دەبینین هەتا رووخانی دیواری بەرلین لە ٩ی ١١ی ١٩٨٩ هەر بەرەو لوتكە هەنگاوی هەڵدەگرت، بۆ ئەوەی وەك باشترین سیستمی حوكمڕانی بۆ هەموو جیهان پێناسە بكرێت..

ساموئیل هنتنگتن كە هەر خۆی خاوەنی بیرۆكەی (تەوژمی سێیەمی دیموكراتییە) كە سیستمی لیبراڵ دیموكراتی وەك تاكە سیستم بۆ حوكمڕانی لە جیهان خۆی راگەیاند، كتێبی (پێكدادانی شارستانیەتییەكان)ی نووسی، ئەم پێشبینییەی هنتنگتن ١٠ ساڵ پێش كارەساتی ١١ی سێپتەمبەر بوو، هەر بۆیە ئەم كارەساتە گەورەیە بووە سەرەتای راگەیاندنی (پێكدادانی شارستانیەتییەكان) و ئەم كارەساتە بووە قۆناخێكی دابڕان لە مێژووی دەوڵەتانی سیستمی لیبراڵ دیموكراتیی رۆژئاوا و جیهانی دابەش كرد بۆ دوو قۆناخ (جیهانی پێش ١١ی سێپتەمبەر و جیهانی دوای ١١ی سێپتەمبەر)، ئەم دابڕانە بووە دابڕانێكی فیكریش، ئەمەش بەو مانای چیدیكە جیهانی دوای ١١ی سێپتەمبەر بە فیكر و بیركردنەوەی جیهانی پێش ١١ی سێپتەمبەر بەڕێوە ناچێت و دەبێت بیر لە شێوازێكی تازەی فیكر و بیركردنەوەی حوكمڕانی لە جیهاندا بكرێتەوە. هنتنگتن دوای كارەساتی ١١ی سێپتەمبەر و ئەو وەرچەخانە گەورەیە، بیركردنەوەی ئەوەی دروست بوو كە كتێبی (ئێمە كێین؟) بنووسێ، لەم كتێبەدا هنتنگتن بە ئاستێك دەگەڕێتەوە بۆ كەلتوور و كەلچەری ئەنگلۆسەكسۆنی، كە هاووڵاتیانی ئەمریكا بۆ (نیشتەجێبوو و پەنابەران) پۆلێن دەكات، هەروەها بوونی دوو زمانی سەرەكیی (ئینگلیزی و ئیسپانی) وەك دوو زمانی فەرمی لە ئەمریكادا رەتدەكاتەوە و هۆكاری كارەساتی ١١ی سێپتەمبەریش گرێدەداتەوە بەوەی (ئەمریكییەكان نازانن خۆیان كێن). بەپێی ئەو پێناسەی كە هنتنگتن بۆ ئەمریكییەكانی كردووە و پێویستە خۆی بە خاوەنی ئەمریكا بزانێت، ئەو ئینگلیزانەن كە دوای دۆزینەوەی ئەمریكا لەوێ نیشتەجێ بوون و بە كەلتوور و كەلچەری ئەنگلۆسەكسۆنی ئەو وڵاتەیان بونیاد ناوە، ئێستاش نابێت كەلتووری دیكە بوونی هەبێت و نابێت زمانێكی دیكە هاوشانی زمانی ئینگلیزی لە ئەمریكادا بوونی هەبێت.

هەروەها كارەساتی ١١ی سێپتەمبەر گەلێك نووسەر و بیرمەندی تووشی شڵەژانێكی ئەوتۆ كرد، كە وەك لە فەرید زەكەریا ئەو پرسیارەیان كرد (بۆچی رقتان لێمانە؟) ئەمەش بەو مانایەی دەبێت ئەو رقە چەند ئەستور بێت دژی رۆژئاوا كە بگاتە ئەوەی بەو شێوە هەر دوو تاوەری بازرگانی جیهانی بتەقێندرێتەوە و لەماوەی یەك كاتژمێردا زیاتر لە ٥٠٠٠ كەس بكاتە قوربانی، وەڵامی ئەم پرسیارە زۆر بە راشكاوانە بیرمەندی ئەمریكی جۆن میرشامێر لە تازەترین كتێبیدا بە ناونیشانی: ( گەورەترین وەهم: خەونی لیبراڵیزم و واقیعی نێودەوڵەتی Great Delusion: Liberal Dreams - and International Realities)، داوەتەوە، لەم كتێبەدا كە ٢٥ی ئەیلوولی رابردوو بڵاوكراوەتەوە، میرشامیر جەخت لەسەر ئەوە دەكاتەوە كە ناكرێت هەژموونی لیبراڵیزم ببێتە بناخەی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریكا، هەر ئەمەش بۆتە هۆكاری ئەوەی كە لیبراڵیزم لەسەر ئاستی دەرەوە شكست بهێنێت و ئەمەش ئەو وەهمە گەورەیە بوو كە لە دوای ساڵی

**نەتەوەی سەركەوتوو لە پرۆسەی بونیادنانی نەتەوەو دەوڵەتداریدا لاسایی هیچ سیستمێكی سیاسی ناكاتەوە، بەڵكو ئیرادەی نەتەوە دەبێتە ئەو هێزە داهێنەرەی كە شێوازێكی تازەی سیستمی دەوڵەتداری دروست دەكات**

**ئەوەی لای پارتی گرنگە بۆ ئەمجارە لە پێكهێنانی كابینەی نۆیەمدا، ئەوەیە هەموو لایەنەكان چ ئەوانەی بەشداری حكومەت دەكەن و چ ئەوانەش دەبنە ئۆپۆزسیۆن هەر لەسەرەتاوە پشتگیری خۆیان بۆ ئەم چاكسازییە بنەڕەتییە دەربڕن و دەوڵەمەندتری بكەن**

**پارتی دیموكراتی كوردستان بۆ داڕشتنەوەی هەیكەلی حكومەتی داهاتووی كوردستان، بە هاوكاری چەند لیژنەیەكی پسپۆڕ و تایبەتمەند كاری زۆری بۆ ئەنجامدانی چاكسازیی ریشەیی و بچووككردنەوەی هەیكەلی حكومەت كردووە**

١٩٩١ەوە ئەمریکا کردبوویە بەردی بناخەی سیاسەتی دەرەوەی. لەمەش زیاتر گەیشتنی جۆن میرشامیر بەو ئاکامەی کە هەوڵدان بۆ هەناردەکردنی سیستمی سیاسی (لیبراڵ دیموکراتی) بەو شێوەیەی کە ئەمریکا ئامانجی بوو بە هەموو جیهاندا بڵاوی بکاتەوە، بێجگە لە وەهمێکی گەورە، شتێکی دیکە نییە و لەگەڵ واقیعی نێودەوڵەتی یەك ناگرێتەوە، هەر ئەمەش بۆتە هۆکاری ئەوەی لیبراڵیزم لە دەرەوەی ئەمریکا شکست بهێنێت.

کەواتە ئەم میتۆدە ئەوەمان پێدەڵێت، پرۆسەی حوکمڕانی، پرۆسەیەکی بیرکردنەوەی لۆکاڵییە بۆ دابینکردنی خواست و ویستی هاووڵاتیانە بەر لەوەی باس لە مافەکانی دیکە بکرێت، بە واتایەکی دیکە خواست و داواکاریی خەڵك بەر لە هەر شتێکی دیکە بریتییە لە دابینکردنی خزمەتگوزاریی بنەڕەتی و دابینکردنی ژینگەیەکی سەقامگیر بۆ ژیانێکی خۆشگوزەران، ئەمەش واتە هاووڵاتی یەکەمجار بە زمانی (خواست و داواکاری) لەگەڵ پرۆسەی حکومەت و حوکمڕانی قسە دەکات و دوای ئەمە بە زمانی (ماف) داوای مافەکانی خۆی لە حکومەتەکەی خۆی دەکات، سەبارەت بەم لایەنە بیرمەندی گەورەی ئەمریکی جۆن راولز لە کتێبی (دادپەروەری وەك ویژدان - Justice as Fairness) باس لەوە دەکات، خواستە سەرەکییەکانی ژیانی مرۆڤ دەبێت وەك یەکێك لە مافەکانی مرۆڤ سەیر بکرێت و نەکەوێتە چوارچێوەی سیاسەتی بازاڕ و ململانێی دیموکراتییەوە، ئەو پێداویستییە سەرەکییانەش کە هەموو تاکێك پێویستی پێیەتی، وەك (نیشتەجێبوون، خوێندن، چاودێریی تەندروستی، ئاوی خواردنەوەی پاك و .. هتد). راولز ئەمانە بە بناخەی حوکمڕانیی سەرکەوتوو دەزانێت و هەوڵی داوە ئەو فێڵانە راست بکاتەوە کە بە درێژایی پیادەکردنی سیستمی دیموکراتی لە کۆنتراکی کۆمەڵایەتی لە نێوان خەڵك و فەرمانڕەوادا گرێدراوە.

ئەگەر لەسەر ئەم بنەمایە خوێندنەوەیەك بۆ نەخشەی سیاسیی هەرێمی کوردستان لە دوای هەڵبژاردنەکانی ٣٠ی ئەیلوولی رابردوو بۆ هێزە سیاسییەکانی کوردستان بکەین، ئەوا خەڵکی کوردستان کە متمانەی ٤٥ کورسیی پەرلەمانی لەکۆی ١٠٠ کورسی بە پارتی دیموکراتی کوردستان بەخشیوە، ئەم متمانەی بەو دروشمانە داوە کە پارتی دیموکراتی کوردستان لە هەڵمەتی هەڵبژاردنەکان بانگەشەی بۆ دەکرد، دروشمەکانیش هەموویان بریتی بوون لەو خواست و داواکارییانەی کە خەڵکی کوردستان کە پێش مافەکانی دیکە داوای دەکات، هەر بۆ نموونە دروشمەکان بریتی بوون لە (بونیادنانی کوردستانێکی بەهێز، حوکمڕانییەکی سەرکەوتوو، نەهێشتنی فەوزای سیاسی، بەرگریکردن لە کوردستان و...هتد)، هەموو ئەمانەش دەبنە بناغەیەك بۆ ئەوەی بەرنامەی حوکمڕانیی پارتی دیموکراتی کوردستان ببێتە بنەمای ئەو حوکمڕانییە سەرکەوتووەی کە لە گەڵیدا هاوشان پرۆسەی بونیادنانی نەتەوەش دەستپێدەکات.

## ● پێکهێنانی کابینەی نۆیەم و راستکردنەوەی پرۆسەی حوکمڕانی لە کوردستاندا

بەڕێز مسعود بارزانی لە ساڵی ١٩٩٣ و لە چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ گۆڤاری هارڤارد ئینترناشناڵ ریڤیوو لە وەڵامی پرسیارێکدا سەبارەت بەوەی کە کورد ئەو توانایەی هەیە حوکمڕانیی خۆی بکات؟ لە وەڵامدا جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ئەم ئەرکە بۆ گەلی کوردستان تەنیا ئەوندە قورسە هەتا هەندێك دەبووژێتەوە و لەسەر پێی خۆی رادەوەستێت، ئەوکات لە کوردستاندا هێندە سەرمایەی مرۆیی و ماددی هەیە کە کوردستان بتوانێت نموونەیەکی جوانی حوکمڕانی پێشکەش بکات.

بارزانی کە لە ساڵی ١٩٩٣ بەمجۆرە قسەی کردووە، گەشبین بووە بەوەی لە ساڵی ١٩٩٤ هەڵبژاردنێکی دیکە ئەنجام دەدرێت و دوای ئەو هەڵبژاردنەش پرۆسەی خراپی ئەزموونی (پەنجا بە پەنجا) راست دەکرێتەوە و حوکمڕانییەکی تەندروست کە ببێتە بناخەی بونیادنانەوەی نەتەوە لە کوردستاندا دەستپێدەکات، بەڵام بەداخەوە لە بری ئەنجامدانی هەڵبژاردن و راستکردنەوەی ئەزموونی هەڵەی (پەنجا بە پەنجا) شەڕی ناوخۆ دروست بوو، بۆ ئەوەی بە رێگەی سندوقەکانی دەنگدان کێشەی دەسەڵات لە کوردستاندا چارەسەر نەکرێت.

ئەم شەڕە نەگریسەی ناوخۆ، راستە بۆ ماوەیەك پرۆسەی حوکمڕانیی لە کوردستاندا

**میژووی حوکمڕانیی نێچیرڤان بارزانی ئەوەمان پێدەڵێت، توانای داهێنانی شێوازی تازەی کارکردنی بۆ قۆناخە جیاوازەکان هەیە و دەتوانێت لەگەڵ لایەنە سیاسییەکانیش لەسەر ئەو شێوازە رێکبکەوێت و بناغەیەکی بەهێز بۆ حوکمڕانییەکی سەرکەوتوو دابڕێژێت و لاپەڕەیەکی تازە لەگەڵ هەموو لایەک هەڵبداتەوە**

**ئەو شێوازەی نێچیرڤان بارزانی لە حوکمڕانیی کابینەی پێنجەم پێشکەشی کرد، تەنیا سەرنجی خەڵکانی لۆکاڵی رانەکێشا، بەڵکو لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، زانکۆی واشنتۆن-جیفرسۆن دکتۆرای فەخری بە سەرۆک وەزیرانی کوردستان بەخشی**

**نێچیرڤان بارزانی لە ماوەی تەمەنی حوکمڕانیدا وەک ئەو دەوڵەتمەدارە سەرکەوتووە ناسراوە کە لە ناو گێژاوی تەنگژە و رۆژە سەختەکاندا توانای کردنەوەی پەنجەرەی ئومێدی هەیەو میکانیزمی چارەسەرکردنی کێشەکان دەدۆزێتەوە**

> **لە یەکەم دانیشتنی خولی پێنجەمی پەرلەمانەوە ئەو سەرەتایە دەرکەوتووە کە خواستی پارتی کەشێکی ئارام و سەقامگیرە لەناو پەرلەماندا و ئامانجیەتی فەوزای سیاسیی پێشوو لە پەرلەماندا نەهێڵێت**

> **هاووڵاتی یەکەمجار بە زمانی (خواست و داواکاری) لەگەڵ پرۆسەی حکومەت و حوکمڕانی قسە دەکات و دوای ئەمە بە زمانی (ماف) داوای مافەکانی خۆی لە حکومەتەکەی خۆی دەکات**

> **خواست و داواکاریی خەڵک بەر لە هەر شتێکی دیکە بریتییە لە دابینکردنی خزمەتگوزاریی بنەڕەتی و دابینکردنی ژینگەیەکی سەقامگیر بۆ ژیانێکی خۆشگوزەران**

تووشی ئیفلیجبوون و کەرتبوون کرد، لێ پرۆسەکە هەر بەردەوام بوو، بەڵام پرۆسەی بونیادنانی نەتەوەی لە کوردستاندا پەکخست و نەیهێشت ئیرادەی گەلی کوردستان بەو شێوەیە بەرجەستە بێت کە شێوازێکی تازەی سیستمی حوکمڕانیی کوردستانییانە پێشکەشی جیهان بکات، لەمەش زیاتر دەرهاویشتەی خراپی شەڕی ناوخۆ و حوکمڕانی خراپی (پەنجا بە پەنجا) بووە هۆکاری ئەوەی ئاستەنگی گەورە بۆ پرۆسەی حوکمڕانی دروست بێت و دامەزراوەکانی ناو پرۆسەکە بکرێنە ئامێرێك بۆ سیاسەتی حزبایەتیی نابەرپرسیارانە.

لەدوای ڕاگەیاندنی ئاکامەکانی هەڵبژاردنی ٣٠ی ئەیلوولی ڕابردوو، قسەو لێدوانەکانی سەرکردایەتی و فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان ئەوەی لێ دەخوێندرێتەوە کە پارتی بە شێوازێکی جیاواز هەنگاو بۆ ڕاستکردنەوەی کۆی پرۆسەی حوکمڕانی بە هەر سێ دەسەڵاتی (یاسادانان، جێبەجێکردن، دادوەری) هەڵدەگرێت، لە یەکەم دانیشتنی خولی پێنجەمی پەرلەمانیشەوە ئەو سەرەتایە دەرکەوتووە کە خواستی پارتی کەشێکی ئارام و سەقامگیرە لەناو پەرلەماندا و ئامانجیەتی فەوزای سیاسیی پێشوو لە پەرلەماندا نەهێڵێت.

سەبارەت بە پێکهێنانی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش، وەك بەڕێز فازڵ میرانی سکرتێری مەکتەبی سیاسیی پارتی ڕایگەیاندووە، کاندیدی پارتی بۆ سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەڕێز نێچیرڤان بارزانی دەبێت، بێگومان نێچیرڤان بارزانی لە ماوەی تەمەنی حوکمڕانیدا وەك ئەو دەوڵەتمەدارە سەرکەوتووە ناسراوە کە لە ناو گێژاوی تەنگژە و ڕۆژە سەختەکاندا توانای کردنەوەی پەنجەرەی ئومێدی هەیەو میکانیزمی چارەسەرکردنی کێشەکان دەدۆزێتەوە. هەر بۆ نموونە نێچیرڤان بارزانی توانی لە کابینەی پێنجەمدا زۆر بە سەرکەوتوویی هەردوو ئیدارەی هەولێر و سلێمانی لە چوارچێوەی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا یەك بخاتەوە، هەر لەو کابینەیەشدا توانی یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان بنێرێت بۆ پەرلەمان و پەسەند بکرێت، بەمەش بەردی بناغەی ئابوورییەکی سەربەخۆی دەوڵەتی بۆ کوردستان دانا. ئەو شێوازەی نێچیرڤان بارزانی لە حوکمڕانیی کابینەی پێنجەم پێشکەشی کرد، تەنیا سەرنجی خەڵکانی لۆکاڵی ڕانەکێشا، بەڵکو لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، زانکۆی واشنتۆن-جیفرسۆن دکتۆرای فەخری بە سەرۆك وەزیرانی کوردستان بەخشی، بەخشینی دکتۆرای فەخری لەم زانکۆ بەناوبانگە، تەنیا دەدرێتە ئەو کەسانەی کە لەشێوازی چارەسەرکردنی کێشەکاندا، لە بواری ئابووریی بازاڕ و بانکدا، لە بواری چارەسەرکردنی کێشە ئیتنییە مەحاڵەکاندا، شێوازێکی تازە بۆ حوکمڕانی دادەهێنن. لەمەش زیاتر لە مێژووی زانکۆی واشنتۆن – جیفرسۆندا، نێچیرڤان بارزانی تەنیا کەسایەتییە کە هاووڵاتی ئەمریکا نەبێت و ئەم خەڵاتە وەربگرێت، وەك زانکۆکەش خۆیان ڕایانگەیاند، ئەم خەڵاتە دەدرێتە سەرۆك وەزیرانی کوردستان لەبەر ئەوەی توانی بە شێوازێکی زۆر سەرکەوتووانە حوکمڕانییەکی ئەوتۆ پیادە بکات کە بتوانێت پارتی و یەکێتی پێکەوە لە یەك حکومەتدا کاربکەن، هەروەها ئەو شێوازە تازەیەی حوکمڕانی وایکرد کە گەشەپێدان لە کوردستان دەستپێبکات و ڕەنگدانەوەی لەسەر عێراقیش هەبێت.

لە کابینەی هەشتەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا جیا لەوەی هەر لە سەرەتاوە حکومەتی عێراق بەشە بودجە و مووچەی خەڵکی کوردستانی بڕی، لە هەمانکاتدا و هەر دوای متمانەپێدان بە کابینەی هەشتەم لەلایەن پەرلەمانەوە، کوردستان لەلایەن دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامییەوە پەلاماردرا و نزیکەی دوو ملیۆن ئاوارە و پەنابەر ڕوویان لە کوردستان کرد، بەڵام شێوازی ئاقڵمەندانەو دەوڵەتمەدارییی نێچیرڤان بارزانی نەك هەر وایکرد ئەم هەموو شەڕ و قەیرانە ئابوورییە سەختانە چۆك بە کوردستان دانەدەن، بەڵکو هەموو ئەم قەیران و شەڕانە بوونە دەرفەتێك کە هەموو جیهان شانازی بە قارەمانیەتی پێشمەرگە و ئاستی لێبووردەیی و پێکەوەژیان و میواندۆستیی خەڵکی کوردستانەوە بکەن..

جێگەی خۆیەتی لێرەدا باس لە قۆناغی دوای ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ بکەین، کە قەوارەی سیاسیی هەرێمی کوردستان لە ڕووی سەربازی و دیپلۆماتی کەوتە لێواری هەڵدێر و لەمەش خراپتر هەموو لایەنە سیاسییەکانی کوردستان لە

بەرپرسیاریەتی هەڵاتن و ئەو بەرپەرسیاریەتییە گەورەیە کەوتە سەر شانی پارتی دیموکراتی کوردستان کە نێچیرڤان بارزانی وەك جێگری سەرۆکی پارتی، سەرۆکایەتی حکومەتی کوردستانی دەکرد، بەڵام دیسان شێوازی لۆژیکانەی ئەم دەوڵەمەتدارە وایکرد هەموو ئەو سزایانەی بە سەر کوردستاندا سەپێندرابوون، هەموو ئەو پەیوەندییە نێودەوڵەتییانەی لەگەڵ کوردستان پەکیان کەوتبوو، ئەو گەمارۆ ئاسمانییەی خرا بووە سەر ئاسمانی کوردستان، هەر هەموو ئەو سەختییانە تێپەڕێنێت و هەرێمی کوردستان لەو هەڵدێرە گەورەیە رزگار بکات و دووبارە شکۆ بۆ هەرێمی کوردستان بگێڕێتەوە و بۆ جیهانی سەلماند کە هەرێمی کوردستان بەهێزە و ئامانجیان ئەوەیە بەهێزتری بکەن.

کەواتە مێژووی حوکمڕانیی نێچیرڤان بارزانی ئەوەمان پێدەڵێت، ئەو توانای داهێنانی شێوازی تازەی کارکردنی بۆ قۆناخە جیاوازەکان هەیە و دەتوانێت لەگەڵ لایەنە سیاسییەکانیش لەسەر ئەو شێوازە رێکبکەوێت و بناغەیەکی بەهێز بۆ حوکمڕانییەکی سەرکەوتوو دابڕێژێت و لاپەڕەیەکی تازە لەگەڵ هەموو لایەك هەڵبداتەوە. بەڵام هەڵدانەوەی تازە لەسەر بنەمای ئەوە نا (ئەوەی رۆی، رۆیشت) یان «عفا الله عما سلف»، نەخێر، هەڵدانەوەی لاپەڕەی تازە بەو مانایەی بە بیرکردنەوەیەکی نوێ هەوڵبدەین لە یەکتری تێبگەین و بە بیرکردنەوەیەکی نوێ نەخشەیەکی تازە بۆ کوردستانێکی بەهێز دابڕێژین، ئەم نەخشە تازەیەش دەبێت رەنگدانەوەی ئەو واقیعە بێت کە خەڵکی کوردستان لە ئاکامی هەڵبژاردنەکاندا دروستی کردووە.

پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ داڕشتنەوەی هەیکەلی حکومەتی داهاتووی کوردستان، بە هاوکاریی چەند لیژنەیەکی پسپۆڕ و تایبەتمەند کاری زۆری بۆ ئەنجامدانی چاکسازیی ریشەیی و بچووککردنەوەی هەیکەلی حکومەت کردووە و لیژنە تایبەتمەندەکانیش هێڵە گشتییەکانی ئەو چاکسازییانەیان بۆ میدیاکان باس کردووە، کە هەر ئەم بەرنامەی چاکسازییە بنەڕەتییەش دەبێتە رەهەندی سەرەکیی دانوستاندنەکانی پارتی لەگەڵ سەرجەم لایەنە سیاسییەکانی کوردستان و پێکهاتەکان بۆ رێککەوتن و هاوپەیمانی بۆ پێکهێنانی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

خاڵی کاریگەر و ئومێدبەخش لەو رەهەندانەی چاکسازی کە لیژنەکان ئاماژەیان پێ کردووە، ئەوەیە ئەم بەرنامەیەی بۆ چاکسازی بنەڕەتی ئامادە کراوە، بەرنامەیەکی لۆکاڵ و بیرکردنەوەیەکی تازەی لۆکاڵی خەڵکی کوردستانە و هەوڵدانە بۆ راستکردنەوەی ئەو هەڵانەی لە ماوەی ساڵانی رابردوو لە پرۆسەی حوکمڕانیی کوردستان روویانداوە، یان کراون، بۆیە ئەم بەرنامەیە فەرزی دەکات کە هەموو لایەنە سیاسییەکانی کوردستان و پێکهاتەکان بە بیرکردنەوەی تازە وتووێژ لەسەر پێکهێنانی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بکەن و بە بیرکردنەوەیەکی نوێ بەشداری لە حکومەت بکەن، یان ئەگەر بەشداری حکومەتیشیان نەکرد، بە بیرکردنەوەیەکی نوێ کاری ئۆپۆزسیۆنی خۆیان بکەن.

**پرۆسەی حوکمڕانی، پرۆسەیەکی بیرکردنەوەی لۆکاڵییە بۆ دابینکردنی خواست و ویستی هاووڵاتیانە بەر لەوەی باس لە مافەکانی دیکە بکرێت**

پارتی بۆ جێبەجێکردنی ئەم بەرنامەیە، پشتئەستورە بە ئیرادەی خەڵکی کوردستان و ئەم ئیرادەیەش لەسەرووی هەموو شتێکی دیکەوە سەیر دەکات، بۆیە ئەوەی لای پارتی گرنگە بۆ ئەمجارە لە پێکهێنانی کابینەی نۆیەمدا، ئەوەیە هەموو لایەنەکان چ ئەوانەی بەشداری حکومەت دەکەن و چ ئەوانەشی دەبنە ئۆپۆزسیۆن هەر لەسەرەتاوە پشتگیری خۆیان بۆ ئەم چاکسازییە بنەڕەتییە دەرببڕن و دەوڵەمەندتری بکەن، هەر بۆیە هەر لایەنێکی سیاسی ئامانجی ئەوە بێت، هاوبەش و بەشدار بێت لەو پرۆژە گرنگەی چاکسازیی بنەڕەتی، ئەوا هاوبەش و بەشداری راستەقینەی پارتی دەبێت لە حکومەتدا و ئەوەشی نەیەوێت فاکتەرێك بێت بۆ ئەم بەرنامەیە و بە هەمان بیرکردنەوەی کۆن تەنیا ئامانجی ئەوە بێت، حکومەت و پەرلەمان و یاسا، بکاتە ئامرازێك بۆ مەرامی حزبایەتی خۆی، ئەوا پێناچێت ئەمجارە ئەو بوارەی بە ئاسانی بۆ بڕەخسێت و یاری بە چارەنووس و خۆشگوزەرانی خەڵکی کوردستان بکات. هۆکاری سەرەکییش بۆ دەرکەوتنی ئەم ئیرادەیە ئەوەیە کە چیتر گەلی کوردستان بە جیاوازی نەتەوە و ئایینەوە «حوکمڕانییەکی شکستخواردوو» لەهیچ لایەك قبووڵ ناکات، کەپرۆسەی بونیادنانی نەتەوە لە کوردستاندا رابگرێت.

**ئەزموونە سەرکەوتووەکانی پرۆسەی حوکمڕانی و بونیادنانی نەتەوە سەلماندوویانە کە حوکمڕانیی سەرکەوتوو تەنیا بە کەلتوور و کەلچەری لۆکاڵیی نەتەوە دەبێتە شێوازێکی داهێنەرانەی سیستمی حوکمڕانییەکی سەرکەوتوو**

**چیتر گەلی کوردستان بە جیاوازی نەتەوە و ئایینەوە «حوکمڕانییەکی شکستخواردوو» لەهیچ لایەک قبووڵ ناکات، کەپرۆسەی بونیادنانی نەتەوە لە کوردستاندا رابگرێت**



**ڕۆمیۆ هەکاری** سەرۆکی هاوپەیمانیی یەکێتی نەتەوەیی لە فراکسیۆنی کلدان – سریان – ئاشووری لە پەرلەمانی کوردستان:

# پێویستە بەشدار بین لە سەرۆکایەتی پەرلەماندا و جێگری سەرۆکی پەرلەمان بە مافی خۆمان دەزانین

# ئومێدی ئەوە دەخوازین ئەم خولەی پەرلەمان زۆر جیاواز بێت لە خولی چوارەم، چونکە لە خولی چوارەمدا، پەرلەمان بۆ ماوەی دووساڵ زیاتر نەیتوانی هیچ کارێکی ئاسایی و یاسایی خۆی بکات و ژمارەیەکی کەم یاسا و بڕیاری دەرکرد

**دوای ئەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان زۆرینەی کورسییەکانی خولی پێنجەمی پەرلەمانی بەدەستهێنا، ئومێدی ئەوە دروست بووە کە حکومەتێکی بەهێزتر بونیاد بنرێت و رەوتی چاکسازییەکانی حکومی لە سەر هەنگاوی خێراتر بڕوات، لە ئێستاشدا خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان دەستی بە کارەکانی کردووە و یەکەم کۆبوونەوەشیان لە کەشێکی پڕ لە یەکترخوێندنەوە و بە نییەتی هاوکاری و کاری زیاتر بەڕێوەچوو. ئەوەو چەند پرسێکی هەنوکەیی لە بارەی ئەدای پەرلەمان و تاوتوێکردی فاکتەرە بەهێزەکان بۆ سەرکەوتنی بەرنامەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ناوەڕۆکی ئەم دیمانەیەی گۆڤاری گوڵان لەگەڵ رۆمیۆ هەکاری سەرۆکی هاوپەیمانیی یەکێتی نەتەوەیی لە فراکسیۆنی کلدان – سریان – ئاشووری لە پەرلەمانی کوردستان پێکدەهێنن.**

*** پێشتر لە خولی دووەم پەلەمانتار بوویت و لە خولی پێنجەمیش جارێکی دیکە هەڵبژێردرایتەوە، پرسیاری ئێمە ئەوەیە ئایا جیاوازیی خولی پێنجەمی پەرلەمان لەگەڵ خولەکانی پێشتر چۆن دەبینیت؟**

– ئەوەی من تێبینم کردووە هەر لە دانیشتنی یەکەمی ئەمجارەی خولی پێنجەمەوە هەست دەکرێت کە جیاوازییەکی زۆر هەیە، پێش ئەوەی یەکەم کۆبوونەوەی پەرلەمان دەست پێبکات هەموو فراکسیۆنەکان ئەو بەڵێنەیان ئیمزا کرد کە ئەم کۆبوونەوەیە بە هێمنی و ئارامی بەڕێوە بچێت و دانیشتنەکە بە کراوەیی بهێڵدرێتەوە بۆ ئەوەی لایەنە سیاسییەکان بە دانوستاندن بگەنە شێوازێك لە رێککەوتن هەم بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیی پەرلەمان و هەمیش بۆ پێکهێنانی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان. ئەمەش مانای ئەوەیە هەر لەگەڵ دەستپێکی یەکەم کۆبوونەوەی ئەم خولەی پەرلەمان جۆرە تەوافقێك لە نێوان لایەنە سیاسییەکاندا هەبووە، کە پەرلەمان رۆڵێکی بەهێزی هەبێت و لە چوارچێوەی گفتوگۆیەکی هێمنانەدا کارەکان بەڕێوە بچێت، بۆ ئەوەی پەرلەمان بتوانێت بەکاری ئاسایی و یاسایی خۆی هەڵبستێت و خزمەتی خەڵکی کوردستان بکات. ئێمە ئومێدی ئەوە دەخوازین ئەم خولەی پەرلەمان زۆر جیاواز بێت لە خولی چوارەم، چونکە لە خولی چوارەمدا، پەرلەمان بۆ ماوەی دووساڵ زیاتر نەیتوانی هیچ کارێکی ئاسایی و یاسایی خۆی بکات و، ژمارەیەکی کەم یاسا و بڕیاری دەرکرد، بۆیە من ناڵێم خولی چوارەم سەرکەوتوو نەبوو، بەڵام هۆکاری سیاسی و رەفتاری هەندێك لە فراکسیۆنەکان بوونە هۆکاری ئەوەی پەرلەمان نەتوانێت بەکارەکانی خۆی بە باشی هەڵبستێت.

*** ئەوەی لە ئومێدی تۆ تێگەیشتین ئەوە بوو کە لە خولی ئەمجارەدا پەرلەمان رۆڵێکی بەهێزی چاودێری و یاسادانان دەگێڕێت و دەبێتە فاکتەرێکی بەهێز بۆ سەرکەوتنی بەرنامەی**

**کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئایا ئەمە بەس خۆزگەیە، یان زەمینەیەکی لەباریش بۆ ئەمە هەیە؟**

- لە راستیدا پەرلەمان دوو ئەرکی سەرەکی هەیە، یەکەمیان دەرکردنی یاسایە و دووەمیان چاودێریکردنی ئەدای حکومەتە، هەر بۆیە ئەگەر بارودۆخی سیاسیی هەرێم و ناوچەکە سەقامگیربێت و هەروەها فراکسیۆنەکانی ناو پەرلەمان هاوکاری یەکتری بکەن، ئەوا ئەم هاوکاریکردنە رەنگدانەوەی ئەرێنی لەسەر ئەدای پەرلەمانیش دەبێت. بۆ ئەمەش ئەوەی گوێمان لێ بووە و ئەوەشی تێبینیمان کردووە، هەموو خوشك و برا پەرلەمانتارەکان ئامادەن هاوکاریی جددی بکەن بۆ نەهێشتنی گەندەڵی و هەروەها پشتگیری لە پرۆژەی چاکسازی لە دامودەزگاکانی حکومەت بکەن، ئەمەش لە پێناوی ئەوەیە ئەم کابینەیە بتوانێت باشتر لە کابینەی پێشوو خزمەتی خەڵکی کوردستان بکات، بەڵام ئەگەر بێتو جارێکی دیکە هەندێك لە فراکسیۆنەکان هەمان سیناریۆی خولی پێشوو دووبارە بکەنەوە و لە یەك کاتدا هەم رۆڵی ئۆپۆزسیۆن بگێڕن و هەمیش بەشدار بن لە حکومەت، ئەوا ئاستەنگی گەورە بۆ ئەدای پەرلەمان دروست دەکەن، لە ساڵانی رابردووش ئەوەندە ئاستەنگی گەورە بۆ ئەدای پەرلەمان دروستکراوە، کە هەموو لایەك دەرهاویشتە خراپەکانی ئەو ئاستەنگانەی بینیوە، بۆیە هەقە سەرجەم فراکسیۆنەکان بەشێوەیەکی دیکە بڕواننە پەرلەمان و بە شێوەیەکی باشتر مامەڵە لەناو پەرلەماندا بکەن.

**بەڕێز نێچیرڤان بارزانی باش دەزانێت هەڵە و کەموکورتییەکانی کابینەکانی پێشتر لە چیدا بوون و دەتوانێت بە باشی دەسنیشانیان بکات و ئالیەتی گونجاو بۆ چارەسەرکردنی ئەو هەڵە و کەموکورتییانە فەراهەم بکات**

**هەموو خوشک و برا پەرلەمانتارەکان ئامادەن هاوکاریی جددی بکەن بۆ نەهێشتنی گەندەڵی و هەروەها پشتگیری لە پڕۆژەی چاکسازی لە دامودەزگاکانی حکومەت بکەن**

*** ئێستا هەموو لایەك گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی کە ئەزموونی کابینەی بنکەفراوان بە هاوشێوەی کابینەی هەشتەم ئەزموونێکی سەرکەوتوو نەبووە، بۆ ئەوەی جارێکی دیکە ئەو شکستە دووبارە نەبێتەوە، ئایا دەبێت ئالیەتی پێکهێنانی کابینەی ئەمجارە چۆن بێت؟**

- پێموایە یەکێك لە هۆکارەکانی سەرنەکەوتنی حکومەت لە بەشێك لە ئیش و کارەکانی و ئاستەنگ دروستبوون لە هەندێك لە وەزارەتەکان دوای ئەوەی برادەرانی گۆڕان و یەکگرتوو و چەند لایەنێکی دیکە لە حکومەت کشانەوە، هۆکاری ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئەم کابینەیە تەنیا حکومەتێکی بنکەفراوان نەبوو، بەڵکو بنکەکەی زۆر فراوان بوو، بۆیە ئەمجارە ئەو حزبە سیاسییەی کە ژمارەیەکی زۆری کورسییەکانی پەرلەمانی بەدەست هێناوە و بۆتە فراکسیۆنی گەورە کە ئەویش پارتی دیموکراتی کوردستانە، جارێکی دیکە نابێت بکەوێتەوە ناو ئەم هەڵەیەوە، بۆیە فراکسیۆنی گەورە دەتوانێت بە هاوپەیمانی لەگەڵ چەند لایەنێك و نوێنەری پێکهاتەکان حکومەتێکی رێکوپێك و بەهێز دروست بکەن، ئاشکراشە لە هیچ شوێنێکی جیهان نەبووە هەموو حزبەکان لەحکومەت بەشدار بن، ئەگەر ئەمە کرا، ئەوا کێشەی هەموو حزبەکان دێتە ناو حکومەت و ئاستەنگی گەورە لەبەردەم کارەکانی حکومەت دروست دەکات. بۆیە گرنگە فراکسیۆنی پارتی وەك گەورەترین فراکسیۆن هەروەك لە لێدوان و گوتاریان راشکاوانە باسی ئەوە دەکەن، ئەزموونی حکومەتی بنکەفراوان شکستی هێناوە، ئەوا دەبێت بیر لەوە بکەنەوە لەگەڵ چەند لایەنێکی سیاسی و نوێنەری پێکهاتەکان هاوپەیمانییەکی گەورە بۆ پێکهێنانی کابینەی نۆیەم پێکبهێنن، ئەمە هەم بۆ پارتی و هەم بۆ حکومەت و هەمیش بۆ خەڵکی کوردستان باشترە.

**ئەگەر جارێکی دیکە هەندێک لە فراکسیۆنەکان هەمان سیناریۆی خولی پێشوو دووبارە بکەنەوە و لە یەک کاتدا هەم رۆڵی ئۆپۆزسیۆن بگێڕن و هەمیش بەشدار بن لە حکومەت، ئەوا ئاستەنگی گەورە بۆ ئەدای پەرلەمان دروست دەکەن**

*** لە قسەکانتدا جۆرێك لە گەشبینی و ئومێد بە بەم خولەی ئێستای پەرلەمان و کابینەی داهاتووی حکومەت دەخوێندرێتەوە، ئایا بنەمای ئەو گەشبینی و ئومێدە لە چییەوە سەرچاوەی گرتووە؟**

- من وای دەبینم ئەمجارەش بە دڵنیاییەوە هەر بەڕێز نێچیرڤان بارزانی بۆ پێکهێنانی کابینەی نۆیەم رادەسپێردرێت، ئەم کەسایەتییە بەڕێزە کە ئەزموونێکی گەورەی لە کابینەکانی پێشتری حکومەتی هەرێمی کوردستاندا هەیە، باش دەزانێت هەڵە و کەموکورتییەکانی کابینەکانی پێشتر لە چیدا بوون و دەتوانێت بە باشی دەستنیشانیان بکات و ئالیەتی گونجاو بۆ چارەسەرکردنی ئەو هەڵە و کەموکورتییانە فەراهەم بکات، لە قسەکانی بەڕێزیان و مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان و فراکسیۆنی پارتیش، ئاماژە بەوە دەکرێت پارتی وەك فراکسیۆنی گەورە لەگەڵ چەند

لایەنێك و نوێنەری پێكهاتەكان حكومەت پێكدەهێنێت، ئەمەش هەم حكومەتێكی ڕێكوپێك و بەهێز دەبێت، هەم حكومەتێكی بنكەفراوانی ماقووڵ، هەمیش كابینەیەكی تۆكمەتر دەبێت لە كابینەی پێشوو، هەر بۆیە ئەگەر كابینەی نۆیەم بەم ئالیەتە پێكبهێنرێت، ئەوا ئیشوكارەكانی حكومەت باشتر بەڕێوە دەچێت و بەرنامەی حكومەت باشتر جێبەجێ دەكرێت و لەماوەی چوار ساڵی داهاتووشدا دەتوانێت خزمەتێكی هێجگار زۆر بە خەڵكی كوردستان بكات، لەمەش زیاتر ئەو بەرنامە چاكسازییەی كە بەنیازن لە كابینەی داهاتوو جێبەجێی بكەن، دەتوانرێت بە باشی جێبەجێ بكرێت، بەمەش هەم حكومەت لە دەستێكی ئەمیندا دەبێت و هەمیش كارەكان باشتر بەڕێوە دەچن. هەر بۆ نموونە پێشتر ئەگەر لە وەزارەتێكدا وەزیرەكەی سەر بە لایەنێكی سیاسیی دیكە بوایە، بۆ حكومەت قورس بوو چاكسازی پێویست لەو وەزارەتە بكات، بەڵام لەم كابینەیەدا ئەگەر بە ئالیەتێكی تازە حكومەت پێكبهێنرێت، ئەوا حكومەت دەتوانێت بە شێوازێكی یەكسان مامەڵە لەگەڵ دامودەزگاكانی بكات و بەمەش دەتوانرێت خزمەتی زیاتر پێشكەش بكات.

*** ئایا بۆ ئەوەی حكومەت باشتر بتوانێت جڵەوگیری بەرنامەی خۆی بكات و باشتر جێبەجێی بكات، باشتر نییە پارتی لەگەڵ نوێنەری پێكهاتەكان و یەك دوو حزبی دیكە ڕێژەی ٥٠+١ دروست بكات و بە تەنیا حكومەت پێكبهێنێت؟**

- یەكێك لە تایبەتمەندییەكانی پارتی دیموكراتی كوردستان ئەوەیە كە هەرگیز بیری لەوە نەكردۆتەوە هەموو وەزارەتەكانی حكومەت بۆ خۆی ببات، لە هەندێك كابینەی حكومەتدا پارتی براوەی گەورە و یەكەم بووە، بەڵام لەوانەیە هەر هێندەی حزبێك كە نیوەی كورسییەكانی پارتی هەبووە، وەزارەت و دامەزراوەكانی حكومەتی بەدەستەوە بووە، من وای دەبینم تێروانینی پارتی بۆ كابینەی نۆیەمیش هەر بەهەمان شێوەیە و بە ژمارەی كورسی مامەڵە ناكات، ئەمەش كارێكی زۆر باشە و قازانجێكی زۆریشی بۆ پارتی و مێژووی خەباتەكەی هەیە، لەمەشدا بە دڵنیاییەوە دەڵێم ئەگەر لایەنێكی دیكە بێجگە لە پارتی ئەو ژمارە زۆرەی كورسی هەبوایە، ئەوا بە پێچەوانەی پارتی مامەڵەی دەكردو بە پێچەوانەی پارتی حكومەتی پێكدەهێنا، جارێكی دیكە دەگەڕێمەوە سەر ئەوەی بۆ ئەوەی كابینەی نۆیەم سەركەوتوو بێت، كە دڵنیام بەڕێز نێچیرڤان بارزانی هەر بەو شێوەیە كە خۆی بۆ ئامادە كردووە، بەشێك لە حزبەكان و نوێنەری پێكهاتەكان هاوپەیمانی پارتی دەبن، بۆ پێكهێنانی ئەم كابینەیە و كابینەكەش كابینەیەكی بەهێز دەبێت و ئەو توانایەی دەبێت خزمەتی خەڵكی كوردستان بكات.

*** ئەی سەبارەت بەو ماوەیەی كە پێكهێنانی حكومەت دەیخایەنێت، ئایا پێتوایە لە ماوەی یاسایی خۆیدا دەتوانرێت كابینەی نۆیەم ڕابگەیەندرێت؟**

- ئێمە هیواداریـن لەو ماوە یاساییەی بۆ پێكهێنانی حكومەت دیاری دەكرێت، لایەنە سیاسییەكان بگەنە ڕێككەوتنێك بۆ پێكهێنانی حكومەت و، وەك پێكهێنانی حكومەتی ناوەندی عێراقی لێ نەیەت كە دوای ٦-٧ مانگ هێشتا حكومەتەكە بەتەواوەتی پێكنەهاتووە، هەروەها ئومێدەوارم بە زووترین كات پەرلەمان بتوانێت كۆبوونەوەی خۆی بكات و سەرۆكایەتی پەرلەمان هەڵبژێرێت، ئێمەش وەك گەلی كلدانی و سریان و ئاشووری كە خۆمان بە پێكهاتەیەكی سەرەكیی گەلی كوردستان دەزانین، بە مافی خۆمانی دەزانین بەشدار بین لە سەرۆكایەتی پەرلەماندا و جێگری سەرۆكی پەرلەمان بە مافی خۆمان دەزانین، دیارە ئەمە بۆ پێگە و شكۆی پەرلەمانی كوردستانیش كارێكی زۆر گرنگە كە سەرۆكایەتی پەرلەمان پێكهاتەیەكی مۆزائیكی هەبێت، هەروەك چۆن پەرلەمان پێكهاتەیەكی مۆزائیكی هەیە و نوێنەری نەتەوە جیاوازەكانی كوردستانی لەخۆی گرتووە، هەروەها ئومێد دەخوازین لە كابینەی نۆیەمیشدا هەم لە سەرۆكایەتیی ئەنجومەنی وەزیران و هەمیش لە وەزارەتەكان و دامەزراوەكانی حكومەتدا نوێنەرانی نەتەوەی ئێمە هەبن، ئەمەش كارێكی زۆر گرنگە، چونكە وادەكات ئەم كابینەیە لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوە جێگەی ڕەزامەندی بێت.

**فراكسیۆنی گەورە دەتوانێت بە هاوپەیمانی لەگەڵ چەند لایەنێك و نوێنەری پێكهاتەكان حكومەتێكی ڕێكوپێك و بەهێز دروست بكەن، ئاشكراشە لە هیچ شوێنێكی جیهان نەبووە هەموو حزبەكان لەحكومەت بەشدار بن**

**پێشتر ئەگەر لە وەزارەتێكدا وەزیرەكەی سەر بە لایەنێكی دیكەی سیاسی بوایە، بۆ حكومەت قورس بوو چاكسازی پێویست لەو وەزارەتە بكات، بەڵام لەم كابینەیەدا ئەگەر بە ئالیەتێكی تازە حكومەت پێكبهێنرێت، كە بە شێوازێكی یەكسان مامەڵە لەگەڵ دامودەزگاكانی بكات، خزمەتی زیاتر پێشكەش دەكات**


**لە هەندێك كابینەی حكومەتدا پارتی براوەی گەورە و یەكەم بووە، بەڵام لەوانەیە هەر هێندەی حزبێك كە نیوەی كورسییەكانی پارتی هەبووە، وەزارەت و دامەزراوەكانی حكومەتی بەدەستەوە بووە**

# حکومەتی بەهێز و پرسی ئابووری

کوردستانێکی بەهێز کە مانای حکومەتی بەهێز دەگەیەنێت، دروشمی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو لە هەڵبژاردنی ئەم دواییەی هەرێمی کوردستاندا، ئەوەش زۆر باس و خواسی لەسەر کراوە، بەڵام بە سەرزارەکی نەبێت، ئەم پرسە لەگەڵ ئابووریدا باس نەکراوە. بێگومان کوردستانێکی بەهێز لای زۆر کەس بەهێزیی پێشمەرگە و پۆلیس و ئاسایش و هەواڵگری دێتە بەرچاو، بەڵام لە راستیدا کوردستان وەك وڵات بەهێز نابێت بێ ئابوورییەکی بەهێز. زۆر وڵات هەبوون لە رووی سوپا و چەکی پێشکەتوو و تەنانەت کۆمەڵکوژییەوە زۆر بەهێز بوون، بەڵام چونکە خاوەنی ئابوورییەکی لاواز بوون، بەرگەی ئابڵۆقە، یا قەیرانێکی کورتیشیان نەگرتووە، لە هەمان کاتیشدا لە بەر نەبوونی هەلی کار و بێ هیوایی، گەنجەکان و شارەزاو پسپۆڕەکانی بە لێشاو روو لە هەندەران دەکەن. لێرەدا، پێویستە پێناسەیەکی بەهێزبوونی ئابووری بە کورتی بکەین و پەنجە بخەینە سەر ئەو پێوەرانەی کە بەهێزیی ئابوورییان پێ دەپێوەدرێ.

لە زانستی ئابووریدا بەهێزبوون بە بەرگەگرتنی قەیرانی ئابووری و دارایی دەپێورێت و لە رووی کاتیشەوە پێوەر ئەوەیە کە وڵات چەندی پێدەچێت لە دوای قەیران بگاتەوە ئاستی داهات و گەشەکردنی ئابووریی پێش قەیران. بێگومان هەڵسانەوە دوای قەیران پشت دەبەستێت بە بەهێزی جومگەکانی ئابووریی هەر وڵاتێك. بۆ نموونە تەنیا ئەڵمانیا و ئەمریکا دوای شەش ساڵ توانییان بچنەوە ئاستی چالاکیی ئابووری و داهاتی تاکەکەسی پێش قەیرانی ٢٠٠٨. ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ بەهێزبوونی دامودەزگاکانی دارایی و حکوومی و بناغەی ئابووریی ئەو وڵاتانە. زۆر وڵاتی دیکە هەن دوای دە ساڵ لەو قەیرانە ئێستاش بە دەست کارتێکەرە نەخوازراوەکانی ئەو قەیرانەوە دەناڵێنن، چونکە ئابووریەکانیان هێندە بەهێز نەبوون و خۆشیان ئامادەییان بۆ قەیرانێکی وا نەبوو.

**زۆر وڵات هەبوون لە رووی سوپا و چەکی پێشکەتوو و تەنانەت کۆمەڵکوژییەوە زۆر بەهێز بوون، بەڵام چونکە خاوەنی ئابوورییەکی لاواز بوون، بەرگەی ئابڵۆقە، یا قەیرانێکی کورتیشیان نەگرتووە**



پرۆفیسۆر د. لەتیف کەریم واحید
بۆ گوڵان نووسیویەتی

**● پێگەکانی بەهێزبوونی ئابووری**

گومانی تێدا نییە کە هێزی ئابووری هەر وڵاتێك دەگەڕێتەوە بۆ بەهێزبوونی دامودەزگا داراییەکانی وڵات و تەندروستیی کەرتەکانی ئابووریی ئەو وڵاتە. بە وردتر پێویستە ئەوە بڵێین کە تا چ رادەیەك سیستەمی بانکی و ئابووریی ئەو وڵاتە بەرگەی قەیران دەگرێت و کەرتەکانی ئابوورییش تا چ رادەیەك توانای ململانێی کاڵاکانی وڵاتانی دراوسێ و بیانییان هەیە. پەیوەست بە ئابووری کوردستانەوە، پێویستە ئەم پێوەرانە بەم شێوەیەی خوارەوە وردبکەینەوەو پەنجە بخەینە سەر لایەنە لاوازەکان و پێشنیار بکەین بۆ حکومەتی کوردستان کە چۆن کۆشش بکات بۆ زاڵبوون بە سەر لاوازییەکاندا.

**● سیاسەتە ئابوورییەکانی حکومەتی بەهێز**

بەداخەوە لە هەرێمی کوردستاندا کەرتی گشتی هەر لە مێژەوە دوچاری قەیرانێکی گەورە هاتووە، ئەویش بە هۆی زەبەلاحکردنی دامودەزگاکانی حکومەت و تاك سەرچاوەیی داهاتی حکومەت کە ئەویش نەوت و گازە. لێرەدا حکومەت هەمیشە رووبەڕووی کێشەی ناهاوسەنگی بودجە بووەتەوە. هەموو کات خەرجییەکانی زۆر زیاترن لە داهاتەکانی. ئەم ناهاوسەنگییەش خۆی لە پێویستی وەبەرهێنانێکی زۆردا دەبینێتەوە بەراورد بە داهاتەکانی. ئەمەش کێشەی هەموو وڵاتانی هەژارە کە پێویستیان بە بونیادنانی ژێرخانی ئابوورییە لە کاتێکدا کە سەرچاوەی داهاتەکانیان زۆر لاوازە. لە هەرێمی کوردستاندا ئەم کێشەیە خراپییەکی دیکەی بە سەردا هاتووە، ئەویش ئەوەیە کە دەزگاکانی حکومەت پڕئاخن کراون لە هێزی کاری نەخوازراو، بە جۆرێك کە هەفتا لە سەدای خەرجی حکومەت دەچێتە مووچەی فەرمانبەرەکانی و زۆر کەم دەمێنێتەوە بۆ پێشکەوتنی ئابووری و وەبەرهێنان.

بە گشتی ناهاوسەنگی لە بودجە و داهاتی حکومەتدا و لە نیوان وەبەرهێنان و کەمیی

**لە زانستی ئابووریدا بەهێزبوون بە بەرگەگرتنی قەیرانی ئابووری و دارایی دەپێودرێت و لە رووی کاتیشەوە پێوەر ئەوەیە کە وڵات چەندی پێدەچێت لە دوای قەیران بگاتەوە ئاستی داهات و گەشەکردنی ئابووریی پێش قەیران**

پاشەکەوت و زۆری کرێکار و نەبوونی هەلی کار و زۆر خواست لەسەر خزمەتگوزارییە گشتییەکان و لاوازیی دامودەزگا حکوومییەکان، بوونەتە هۆی لاوازیی ئابووریی کوردستان. بۆ چاکسازیی ئابووری و دامەزراندنی ئابوورییەکی بەهێز ئەم پێشنیارانەی خوارەوە بۆ حکومەتی نوێی کوردستان دەخەینەڕوو، هەرچەندە هەر یەك لەم خاڵانە پێویستیان بە لێکۆڵینەوەی تێرو تەسەلتر هەیە، بەڵام لێرەدا مەبەست تەنیا ئاگادارکردنەوەیە:

یەکەم: سیستەمی باج و گۆڕینی ئابووریی نافەرمی بە ئابووریی فەرمی: بەداخەوە زۆربەی زۆری ئابووریی کوردستان نافەرمییە. واتە جێگەی کار و دروستکردنی بەها ئابوورییەکان لە سیستەمی حکومەتیدا ناونووس نەکراون و نە کۆمپانیا و نە کرێکاران و نە بە کاربەران باج نادەن. ئەمەش سیستەمێکی زۆردواکەوتووە کە تەنیا لە وڵاتە نەوتی و هەژارەکاندا باوە. بۆیە ئەگەر حکومەت مکورە لەسەر ئەوەی حکومەتێك و کوردستانێکی بەهێز دروست بکات، دەبێت شۆڕشێك لەم بوارەدا بەرپا بکات، بەوەی هەموو ئابووری بکات بە فەرمی و هەموو کەس کە کار دەکات، بەش بە حاڵی خۆی باج بدات، جا لە کەم کەم و لە زۆر زۆر. ئەم بابەتە لە جێگەی دیکەدا بە دوورو درێژی باس کراوەو ڕیوشوێنی خۆی هەیە کە لێرەدا بوار نییە بە درێژی باس بکرێتەوە. هەر ئەوەندە بەسە بگوترێت کە هەر ئابوورییەك بەشە نافەرمییەکەی گەورە بێت، ئەوە ئابوورییەکی شکستخواردووە و حکومەتەکەی هەرگیز توانای لە سەر پێ راوەستانی خۆی نییە. لە هەمان کاتدا ئەگەر حکومەتی داهاتووی کوردستان بیەوێت لە حکومەتی کرێ وەرگر (Rentier State) دوور بکەوێتەوە، دەبێت دەست بکات بە ریفۆرم لەم بوارەدا.

دووەم: پێویستە سیستەمی دامەزراندن رابوەستێنێت، مەگەر لە جێگەیەکدا کە زۆر پێویست بێت: لەمەڕ ئەم خاڵەدا دەبێت حکومەت لە سەرچاوەی ژیانەوە بگۆڕدرێت بە حکومەتی دابینکردنی خزمەتگوزاری. نابێت هەموو کەس هەر چاوی لە حکومەت بێت بۆ دابینکردنی کار و مووچەو خانەنشینی. راستە ئەم گۆڕانکارییە زۆر گرانە، بەڵام دەبێت حکومەتی داهاتووی کوردستان لە شوێنێکەوە دەستپێبکات، هەرچەندە بڕیارەکانیش قورس بن.

سێیەم: دەبێت لەمەودوا پرۆژەی زەبەلاح (فیلی سپی)- چونکە فیلی سپی زۆر بە ئاسانی دەبیندرێت- دروست نەکات، بۆ ئەوەی پیشانی خەلکی بدات: بۆ نموونە هێشتا پرۆژەی بازنەیی ١٢٠ مەتری لە هەولێر بەتەواوی تەواو نەکراوە، چ حیکمەتێکی تێدایە پرۆژەی ١٥٠ مەتری دەستپێبکرێت؟! لە بری ئەو ڕێگە بازنەییە زۆر چاکتر و هەرزانتر و پێویستتر ئەوەیە حکومەت سیستەمی هاتوچۆی گشتی لە هەولێردا دابمەزرێنێت. ئەویش بە دەستپێکردنی سیستەمی پاس کە لە هەموو پایتەختەکانی جیهاندا باوە؛ کرینی ١٥٠ پاسی لەبار تەنانەت ئەگەر قازانجیشی نەبێت، سوودی بۆ ژینگە هەیەو زۆر لە هاووڵاتیان رزگار دەکات لە بەکارهێنانی ئۆتۆمبیلی خۆیان کە تێچووەکەی زۆر گرانترە لە بەکارهێنانی پاسی حکوومی. لە هەمان کاتدا هەلی کاری هەمیشەیی بۆ کرێکارێکی زۆر دروست دەکات. شومپیتەر (١٩٧٣) ئابووریناسی بەناوبانگی بەریتانی دەڵێت: لە قۆناغی سەرەتایی گەشەکردنی ئابووریدا بچووك جوانە (Small is beautiful). بۆیە ئەو پێی باش و سەرکەوتووتر دەبێت ئەگەر حکومەتەکانی وڵاتانی هەژار هەوڵی بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای بچووك و مامناوەندی بدەن و لە پرۆژەی بچووکەوە دەست پێ بکەن، نەك پرۆژەی گەورەو تەکنەلۆجیای زۆر پێشکەوتوو.

چوارەم: دەبێت سیستەمی مووچە ریفۆرم بکرێت: حکومەت نابێت لەژێر پاڵەپەستۆی فەرمانبەراندا جارێکی دی بچێتە ژێر باری سیستەمی مووچەی عێراقەوە کە بۆ کوردستان بەردەوامبوونی زۆر گرانە. بۆیە دەبێت بەشێوەیەکی وردبینانە سیستەمی مووچە بخاتە بەر چاکسازی و نەهێڵێت جارێکی دی ئەم ڕێژەیەی ئێستا بەرزتر بکرێتەوە بۆ ئاستی پێشووی. بۆ ئەمەش دەبێت بە مووچە و خانەنشینی ناپاسایی زۆر بەرزدا بچێتەوە و ڕێکی بخاتەوە.

پێنجەم: کەرتی دارایی و بانکی، باسکردنی

**لە هەرێمی کوردستاندا کەرتی گشتی هەر لە مێژەوە دووچاری قەیرانێکی گەورە هاتووە، ئەویش بە هۆی زەبەلاحکردنی دامودەزگاکانی حکومەت و تاك سەرچاوەیی داهاتی حکومەت کە ئەویش نەوت و گازە**

**جێگەی کار و دروستکردنی بەها ئابوورییەکان لە سیستەمی حکومەتیدا ناونووس نەکراون و نە کۆمپانیا و نە کرێکاران و نە بە کاربەران باج نادەن. ئەمەش سیستەمێکی زۆردواکەوتووە کە تەنیا لە وڵاتە نەوتی و هەژارەکاندا باوە**

**هەر ئابوورییەك بەشە نافەرمییەکەی گەورە بێت، ئەوە ئابوورییەکی شکستخواردووە و حکومەتەکەی هەرگیز توانای لە سەر پێ راوەستانی خۆی نییە**

گەشەکردنی ئابووری بەبێ هەبوونی کەرتێکی بانکیی کارا، هیچ مانایەك ناگەیەنێت لە جیهاندا. یەکێك لە هەرە کارە گرنگەکانی کەرتی بانکی نێوەندگیرییە لە نێوان پاشەکەوتکەر و وەبەرهێنەر. زۆربەی خەڵکی لە هەموو جیهاندا پاشەکەوت دەکەن، جا ئەگەر کەمیش بێت، لە بانکدا دایدەنێن، ئەمەش دەبێتە مایەی دروستبوونی گۆلێك لە پارە. ئەم پارەیەش لە رێگەی بانکەکانەوە دەبنە سەرچاوەیەکی گرنگی وەبەرهێنان و بانکەکان بە قەرز دەیدەن بە سەرمایەگوزارەکان. بەم رێگەیەش هەردوولا، پاشەکەوتکەر و وەبەرهێنەر، قازانج دەکەن و لە هەمان کاتدا یارمەتی ئابووریی وڵات دەدەن. بانکەکانی کوردستان بەم کارە گرنگە هەڵناسن. ئەڵبەتە هۆکارەکانی ئەمەش روونە. بۆیە دەبێت حکومەتی کوردستان متمانە لە نێوان خەڵك و بانکەکاندا زیندوو بکاتەوە. ئەمەش رێگە و شوێنی خۆی هەیە کە لێرەدا بوار نییە باس بکرێت. هەر لە بەر هەمان هۆ پاشەکەوتی خەڵکی نابێتە سەرچاوەی دارایی بۆ ئابووریی وڵات و زۆربەی خەڵکی پاشەکەوتەکانیان لە قوتوو و ژێر سەریندا دەشارنەوە، لە کاتێکدا ئەگەر ئەو پاشەکەوتانە لە بانکدا بوایە بۆ ئابووریی وڵات سوودێکی زۆری لێدەبینین.

بێگومان کەرتی دارایی نابێت تەنیا لە بانکەکاندا بچووك بکرێتەوە، بەڵکو ئەم کەرتە دامودەزگاکانی بیمە و پارەگۆڕینەوە و پارەی خانەنشینی و گۆڕینەوە و کڕین و فرۆشتنی پشکی کۆمپانیا و کۆمپانیاکانی دیکە دەگرێتەوە کە کاری دارایی ئەنجام دەدەن. هەریەك لەمانە بۆی هەیە ببێتە سەرچاوەی دارایی بۆ حکومەتی کوردستان. بۆیە پێشنیار دەکەم کە حکومەت کۆمسیۆنێك دابمەزرێنێت کە هەموو ئەم دامودەزگایانە بهێنێتە ژێر رکێفی خۆیەوە و یاسا و رێسای تایبەتیان بۆ دابڕێژرێت و نەهێڵێت ببنە مایەی لە دەستچوون و دزەکردنی سەرچاوەیەکی زۆر گرنگی دارایی بۆ حکومەت. لە بیرمان نەچێت هەتا ئەم کەرتە بە شێوەیەکی مۆدێرن رێکبخرێتەوە، هێندە هەڵسووڕانی کاروباری نیشتمانیان ئاسانتر دەکرێت و مەترسیی فێڵ و زەرەر و لە دەستچوونی پارە کەمتر دەبێتەوە. بۆیە گەشەکردنی ئابووری بە بێ رێکخستنەوەی ئەم کەرتە دەبێتە مایەی زیانێکی ئابووریی زۆر بۆ ئابووریی هاووڵاتیانیش لە هەمان کاتدا.

شەشەم: پاشەکەوتکردن، حکومەتی کوردستان نابێت حکومەتێکی دەست بۆ دەم بێت. واتە نابێت هەر بیر لەوە بکاتەوە هاوسەنگی لە نێوان خەرج و داهاتدا دروست بکات. بۆیە پێشنیار دەکەم کە حکومەت هەموو مانگێك هەر چەندێك قەرزی بانکەکان دەداتەوە، هێندەش پارە پاشەکەوت بکات و لە بازاڕێك یا بانکێکی ناوەندی وڵاتانی پێشکەوتوودا وەبەری بهێنێت. ئامانجی ئەم سیاسەتەش ئەوەیە کە وڵات ببێتە خاوەن یەدەکی دارایی خۆی و لە کاتی تەنگانەدا بە کاری بهێنێت. هەتا ئەو یەدەکە زیاتر بێت، هێندە توانای حکومەت بەرزتر دەبێت لە رووبەڕووی قەیراندا. وەك لە کوردەواریدا گوتوویانە زێڕی زەرد بۆ رۆژی رەش. لە قەیرانی دابەزینی نرخی نەوتدا بینیمان چۆن حکومەتی عێراق هەم سوودی لە یەدەکی خۆی دەبرد و هەم پارەشی بە سەر یەدەکەکەیدا بە قەرز وەردەگرت. بەڵام چوون حکومەتی کوردستان هیچی نەبوو، بۆیە یەکسەر چووە ژێر هاواری قەرزەوە و کاتێکیش سەرچاوەی قەرزوەرگرتن وشکی کرد، نەیتوانی مووچەی کارمەندانی خۆیشی دابین بکات. پێویستە حکومەتی داهاتووی کوردستان رێگە و شوێن بۆ ئەم پاشەکەوتکردنە بدۆزێتەوە، تەنانەت ئەگەر بە نهێنیش بێت.

حەوتەم: کەرتی پیشەسازی و کشتوکاڵی، حکومەتی کوردستان بە پێچەوانەی رای باوەوە دەبێت ببێتە حکومەتێکی بەرهەمهێنەری کارا. تیۆریی ئابووری و ئەزموونی وڵاتانی تازە گەشەکردوو ئەوەمان نیشانداوە کە حکومەتی پاسیف کە هەموو شت دەهێڵێتەوە بۆ کەرتی تایبەت و بازاڕی ئازاد بە هیچ شێوەیەك یارمەتی گەشەکردنی ئابووری نادات، بەتایبەت لە قۆناغی یەکەمی گەشەکردنی ئابووریدا. دەلیلی هەڵسانی بەم کردارە ئەوەیە کە زۆر پیشەسازی هەن پێویستی نیشتمانیان هەیە، بەڵام قازانجی زۆر کەمیان بۆ کەرتی تایبەت هەیە، لە هەمان کاتدا رەنگە مەترسیی سەرنەکەوتنیان زۆر بێت. بۆ نموونە پیشەسازییەکانی دەرمان،

**دەبێت سیستەمی مووچە ریفۆرم بکرێت: حکومەت نابێت لە ژێر پاڵەپەستۆی فەرمانبەراندا جارێکی دی بچێتە ژێر باری سیستەمی مووچەی عێراقەوە کە بۆ کوردستان بەردەوامبوونی زۆر گرانە**

**پێشنیار دەکەم حکومەت هەموو مانگێک هەر چەندێک قەرزی بانکەکان دەداتەوە، هێندەش پارە پاشەکەوت بکات و لە بازاڕێک یا بانکێکی ناوەندی وڵاتانی پێشکەوتوودا وەبەری بهێنێت. ئامانجی ئەم سیاسەتەش ئەوەیە کە وڵات ببێتە خاوەن یەدەکی دارایی خۆی و لە کاتی تەنگانەدا بە کاری بهێنێت**

**تیوریی ئابووری و ئەزموونی وڵاتانی تازە گەشەکردوو ئەوەمان نیشانداوە کە حکومەتی پاسیف کە هەموو شت دەهێڵێتەوە بۆ کەرتی تایبەت و بازاڕی ئازاد بە هیچ شێوەیەک یارمەتی گەشەکردنی ئابووری نادات**



تەکنەلۆجیا، چەك، هاتوچۆی گشتی و.. هتد. بۆیە کەرتی تایبەت خۆی لە قەرەی ئەو پیشەسازییانە نادات. بۆیە ئەرکی حکومەتە کە دەستپێشخەرییان تێدا بکا، جا سەربەخۆ بێت، یا بە هاوبەشی لەگەڵ کەرتی تایبەت.

بۆ دەستنیشانکردنی ئەو پیشەسازییانەی کە پێویستە حکومەت وەبەرهێنانیان تێدا بکات، دەبێت کۆمیسیۆنێکی پسپۆڕی دابمەزرێندرێت کە تەنیا کاری بەرهەمهێنان و هەلی کار دروستکردن بێت. ئەم خاڵە قسەی زۆر زیاتر هەڵدەگرێت، بەڵام لێرەدا بەم هێندەیە دەیهێڵینەوە. هاندانی پیشەسازیی بچووك و مامناوەندی لەو بوارانەی کە بە بەرژەوەندی نیشتمانی دەژمێردرێن، بەتایبەت لەو بوارانەی کە هەلی کاری هەمیشەیی دروست دەکەن، ئەرکی سەرشانی حکومەتی کارایە و دەبێت بە شێوازی پێویست ئەم هاندانانە جێبەجێ بکرێت.

هەشتەم: کەرتی خزمەتگوزاری، ڕەوتی گەشەکردنی ئابووریی جیهان لە پەنجا ساڵی رابردوودا ئەوەمان نیشان دەدات کە کەرتی خزمەتگوزاری لە هەموو کەرتەکانی دیکەی ئابووری خێراتر گەورە دەبێت و ڕێچکەی گەشەکردنی ئابوورییش بەم کەرتەدا تێپەڕ دەبێت. بۆیە حکومەت دەبێت زۆر بە بایەخەوە سەیری ئەم کەرتە بکات. ڕۆڵی حکومەت لە هاندان و پەرەسەندنی ئەم کەرتە جا بە خۆی بێت، یا بە هاوبەشی لە گەل کەرتی تایبەت، زۆر گرنگە. ئەم کەرتە نەك هەر دەبێتە سەرچاوەیەکی گرنگی داهات لە ڕێگەی باجەوە، بەڵکو دەبێتە مایەی دروستکردنی زیاترین هەلی کار. بێگومان ئەو کەلتووره نابەجێیەی کە لە کوردستاندا هەیە بەوەی کارکردن لە کەرتی خزمەتگوزاریدا بە کارێکی نەنگ دێتە بەرچاو، دەبێت بگۆڕدرێت و حکومەت ڕێگە و جێگەی شیاو دابنێت کە مافی کرێکارانی کەرتی خزمەتگوزاری بپارێزرێت، بە

**هێشتا پڕۆژەی بازنەیی ١٢٠ مەتری لە هەولێر بەتەواوی تەواو نەکراوە، چ حیکمەتێکی تێدایە پڕۆژەی ١٥٠ مەتری دەستپێبکرێت؟**



شێوەیەك كە هاندەری ماددی دروست بكریت بۆ بەشداریكردن لەم كەرتەدا. ئەمەش ڕێگە و جیگەی خۆی هەیە، كە لێرەدا بوار نییە بە درێژی باس بكرێت. حكومەت دەبێت بیر لەوە بكاتەوە كە حیكمەت چییە لەوەی زۆربەی كرێكارانی ئەم كەرتە بیانین؟! لە هەمان كاتدا چۆن زۆربەی كوردانی هەندەران لەم كەرتەدا لە وڵاتانی بێگانە كاردەكەن و پێشیان نەنگ نییە!

## ● ئەنجامگیری

حكومەتی بەهێز بە بێ ئابوورییەكی بەهێز هیچ مانایەك ناگەیەنێت. لاوازییەكانی ئابووریی هەرێمی كوردستان لە زۆر بواردا ئاشكراو بەرچاون، بەڵام چۆنێتی چارەسەركردنیان هەر وا ئاسان نییە و زۆر جاریش دید و ڕوانگە و ئیرادەی سیاسی بۆ چارەسەركردنیان نییە. ئەم وتارە بە شێوەیەكی كورت ڕووناكی خستووەتە سەر هەندێ جەمسەری سەرەكیی ئابووریی كوردستان كە ئێستا پێویستیان بە هەنگاوهەڵهێنان هەیە بۆ چارەسەركردنیان. لە هەمان كاتدا بۆ ئەنجامدانی هەموو ئەو ریفۆرمانەی ئاماژەیان پێكراوە، پێویست بە لێكۆڵینەوە و كاتی پێویست هەیە. ئەمانە نابێت ببنە بیانوو بۆ نەكردنیان. حكومەتی داهاتووی كوردستان بۆ بەهێزكردنی خۆی و پاراستنی بەرژەوەندیی هاونیشتمانییان پێویستە لە جێگەیەكەوە و بە ئیرادەیەكی پۆڵایین دەستپێبكات. ئێستا لە هەموو كات باشترە. كاتێك ئابووری لاوازە و تەنگانە و قەیران دەستپێدەكات، زۆر كەم شتی پێدەكرێت. ئەو كاتەش گلەیی لە بەختی خۆكردن و پاڕانەوە هیچ سوودێكیان نابێت. ئەزموونی چوار ساڵی پێشوو ئەوەمان پێشان دەدات كە هەر خۆمان دەتوانین دۆست و پشتیوانی خۆمان بین. بۆیە دەبێت ئێستا هیممەت بكەین و دیدێكی ڕۆشنمان بۆ بەهێز بوون هەبێت.

**هاندانی پیشەسازیی بچووك و مامناوەندی لەو بوارانەی كە بە بەرژەوەندی نیشتمانی دەژمێردرێن، بەتایبەت لەو بوارانەی كە هەلی كاری هەمیشەیی دروست دەكەن، ئەركی سەرشانی حكومەتی كارایە و دەبێت بە شێوازی پێویست ئەم هاندانانە جێبەجێ بكرێت**

# گەڕانەوە بۆ مژاری ریفراندۆمی سەربەخۆیی

ئەزموونی ئەنجامدانی ریفراندۆمی سەربەخۆیی لە کوردستانی عێراقدا، هەتاهەتایە وەك رووداوێکی نەتەوەیی و ستراتیژی دەمێنێتەوەو کاروانی بزاڤی رزگاریخوازیی نیشتمانی کوردستانیش لەئێستاو ئایندەدا شانازی پێوە دەکات، هەروەها بە ئەزموونێکی تاك و بێ هاوتا دەژمێردرێت لەسەر ئاستی کۆی بزووتنەوەکانی رزگاریخوازیی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، هاوکات وەك بەڵگەنامەی سیاسیی ئەنجومەنی باڵای ریفراندۆم (٢٤ی ئەیلوول ٢٠١٧) بۆ دەستەبەرکردنی مافی پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییەکان لە کوردستان وەك خاڵێکی پرشنگداری گرنگ دەمێنێتەوە، کە گوزارشت لە تێگەیشتنی کورد دەکات بۆ دیموکراسییەکی رەسەن و پێشکەوتوو تایبەت بە چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوەیی. لەبیریشمان نەچێت کە هەمان هەنگاو لە ئەوروپا هاتەئاراوە، کە دەبوو هەنگاوێکی پێشکەوتووی ژیانی مەدەنی و بوارەکانی مافی مرۆڤ و گەلان بێت، بە دیاریکراویش لە هەرێمی کەتەلۆنیای ئیسپانی کە بەداخەوە بە ئاکام نەگەیشت و زوو خەفە کرا هاوشێوەی ئەوەی کە لە عێراق روویدا.

لە ساڵڕۆژی یەکەمی ریفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستانی عێراقدا دەڵێم: زۆر لە گەلان خاوەنی پاڵەوانی سەربەخۆیی خۆیانن، لەوانەش کە لە ژیاندا ماوەو سەرکردایەتیی گەلەکەی کردووە و خەونی ئازادی و سەربەخۆیی بۆ وەدیهێناون، هەروەها هەیانە کە دەیان ساڵ خەباتی کردووەو هەلومەرجی بابەتی و خودی یارمەتییان نەداوە تا ئەو خەونەیان بۆ بێنێتەدی وەك مستەفا بارزانیی نەمر و سەرکردەکانی دیکە لە کوردو گەلانی دیکە، هیچ دەوڵەتێکیش لە دنیادا نییە پاڵەوانیان تێدا هەڵنەکەوتبێت کە سەرکردایەتیی گەلەکانیان کردبێت بۆ بنیادنانی دەوڵەت و دواجار ناویان لە مێژوودا ماوەتەوەو پەیکەریان بۆ دروست کراوە.

مسعود بارزانی پاڵەوانی سەربەخۆیی کوردستانی عێراقە لە باب و باپیرەوە. مەبەستم



سەلاح بەدرەدین

تایبەت بۆ گوڵانی نووسیوە

لێرەدا بەشی باشوورە، نەك هەموو بەشەکان، چونکە ئەو بەڕێزە ڕۆژێ بانگەشەی ئەوەی نەکردووە کە هەر چوار پارچەی کوردستان رزگار دەکات و هەرگیز خۆیشی وەك سەرکردەیەکی نەتەوەیی گشتی نەسەپاندووە وەك ئەوانی دیکە، هەرچەندە ئەو جێگەی ڕێزو ستایش و پێزانینی هەموو کوردانی دنیایە، ئەو بەڕێزە نوێنەرایەتیی ئەو بەرنامەیەی پارتی دیموکراتی کوردستان دەکات کە هەر خۆیشی سەرۆکیەتی، کە بریتییە لە کردارو خەبات لە چوارچێوەی کوردستانی عێراقدا، هەرچی گوترابێت و دەگوترێت لەلایەن بەناو دۆستانی کورد لە خائین و هەلپەرستان کە گوایە (ئەو وادەیەی مسعود بارزانی هەڵیبژارد بۆ ئەنجامدانی ریفراندۆمی سەربەخۆیی نەگونجاو بوو، هەروەها هەر چ کۆسپ و تەگەرەیەکی ناوخۆی کورد هاتبێتەڕێ)،هاوکات هەر چ بەناو دڵسۆزی و ئامۆژگاری و هاوسۆزییەکی زۆر لە رژێمەکانی عەرەبی وتورك و عەجەم هەبووبێت، هەموویان مەرامی پێچەوانەیان لەپشتەوە بووە، بارزانی لەسەر حەق بوو کە ریفراندۆمی ئەنجام دا، تاکو بزانێت ویستی گەلی کوردستانی عێراق لە کوردو تورکمان و کلدان و ئاشوور و سریان و ئەمەن و عەرەب لە چیدایە، مەبەستیشی لەمەدا ئەوە بوو کە بڕیاری ئایندەی گەلەکەی بزانێت، هەتا ئەگەر فاکتەرە بابەتی و خودییەکان دەستەبەر نەبن، ئەوا سەربەخۆیی کوردستانی عێراق هەر بە ناوی بارزانی-یەوەیە، کە تەنیا جێی ڕێزی گەلی کوردستان نییە، بەڵکو لای زۆرینەی گەلی عێراق و رای گشتیی عەرەبی و نێودەوڵەتیش ڕێزی تایبەتیی خۆی هەیە.

لە چوارچێوەی ئەو هەڵمەتە نەگریسەی کە دژ بە ریفراندۆم هاتە ئاراوە، ئەو بەرنامەیە بوو کە کەناڵی ئەلجەزیرەی قەتەری ئامادەی کردبوو دەربارەی ریفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستانی عێراق، لێتان ناشارمەوە کە من سەرم سووڕما، یەکەم بەهۆی ئەوەی کە حکومەت ڕێگەی بە تامر ئەلمسحال پێشکەشکاری بەرنامەکە داوە کە



(ئیخوانچی، حەمساوی)یەو بە رەگەزپەرستی ناسراوە، کە بە ئارەزووی خۆی بێت و بچێت لە ناو هەرێمی کوردستاندا، دووەمیش بەهۆی چاوپۆشینی راوێژکارانی راگەیاندن لە نووسینگەی سەرۆکایەتی دەربارەی ئەو کەمین و بۆسانەی پێشکەشکاری بەرنامەکە دایهێنابوون، بەتایبەتیش قبوولکردنی ئەو کەسانەی کە هەڵبژاردبوون و قسەی لەگەڵ کردبوون و وەك شایەتحاڵ دەستنیشانی کردبوون کە دوژمنکارو دەروون لاواز بوون، سێیەم شت کە ڕێگەیان پێدابوو جیمسبۆند ئاسا بەناو کوچەو کۆڵانەکانی هەولێرو دۆڵ و ئەشکەوتەکانی کوردستاندا دەگەڕا. من هەزاران بەرنامەم دەربارەی کورد و کێشەکەی بینیوە، بەڵام ئەو ئەڵقەیە لە هەموویان زیاتر گرێچنە و پیلانگێڕیی تێدا بوو دژ بە گەلی کورد.

**ئەزموونی ئەنجامدانی ریفراندۆمی سەربەخۆیی لە کوردستانی عێراقدا، هەتاهەتایە وەک ڕووداوێکی نەتەوەیی و ستراتیژی دەمێنێتەوەو کاروانی بزاڤی رزگاریخوازی نیشتمانی کوردستانیش لەئێستاو ئایندەدا شانازی پێوە دەکات**

لە بەرەبەیانی رۆژی ٣٠ی ئەیلوولی رابردوودا، کاتێ لە هەولێر سەرقاڵی بەدواداچوون بووین بۆ پرۆسەی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان، هیواخواز بووین ئەو لیستانە سەربکەون کە پابەندن بە بەرنامەی نەتەوەیی و دیموکراسی کە مستەفا بارزانیی نەمر بەردی بناخەی دانا لە ڕێکخراوە حزبی و مەدەنییەکان کە نوێنەرایەتیی پێکهاتە کوردستانییەکان دەکەن لە (کوردو تورکمان و کلدو ئاشوورو سریان و ئەرمەن و عەرەب)، چونکە سەرکەوتنی خاوەنانی ئەو بەرنامەیە، بنکەیەکی چەسپاون لە کوردستانێکی بەهێزدا و رۆڵیان دەبێت لە سازانی کوردو عەرەبدا، هەروەها لە بەتینکردنی پرۆسەی دیموکراسیی دروست لە عێراقێکی سەربەخۆو فیدراڵ و پێشکەوتوو و یەکگرتوودا، هاوکات دەبێتە هاریکار بۆ بەدیهێنانی ئەو بەڵێنانەی سەرکردە سیاسییەکانی کورد بە خەڵکیان داوە لە چاککردنی بژێو و پێشکەوتنی ئابووری و قەڵاچۆکردنی گەندەڵی و ڕێکخستنەوەی نێو ماڵی کوردستانی، لەپاڵ هیواو ئاواتمان بە چاوخشاندنەوە بە دۆسییەی پەیوەندییە نەتەوەییەکانمان بە شێوەیەکی گشتی، دیسان چاوخشاندنەوە بە دۆسییەی کوردی سووریا بە شێوەیەکی تایبەتی، دوای تێپەڕبوونی هەشت ساڵ و ئەو پێشهات و ڕووداوانەی کە هاتوونەتەدی، کە دەخوازن چارەسەریان بۆ بدۆزرێتەوە لەبەر

**بەتینکردنی پرۆسەی دیموکراسیی دروست لە عێراقێکی سەربەخۆو فیدراڵ و پێشکەوتوو و یەکگرتوودا، هاوکات دەبێتە هاریکار بۆ بەدیهێنانی ئەو بەڵێنانەی سەرکردە سیاسییەکانی کورد بە خەڵکیان داوە لە چاککردنی بژێو و پێشکەوتنی ئابووری و قەڵاچۆکردنی گەندەڵی و ڕێکخستنەوەی نێو ماڵی کوردستانی**

رۆشنایی بەرژەوەندییە گشتییەکانی هەموو لایەنەکاندا.

کاتێ باسی رۆژە بەدناوەکەی ١٦ی ئۆکتۆبەر دەکەین، ئەو نووسراوەمان دێتەوە یاد کە لە بەڵگەنامەکانی (پارتی چەپی کوردی دواتر ناوەکەی گۆڕاو بوو بە یەکێتیی گەلی کورد لە سووریا) هاتبوو کە من شەرەفی سەرکردایەتیکردنیم هەبوو، بە درێژایی زیاتر لە چوار دەیە، یان قوتابخانەی پێنجی ئابی ١٩٦٥ کە بەمە ناوزەدمان کردووە، لە هەڵسەنگاندنێکی زانستییانەی دروستی بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردستانی لەوەتەی پتر لە نیو سەدە، بەو شێوەیەی کە دوو رێباز لە کێبڕکێدا بوون: یەکەم- نەتەوەخواز و دیموکراسیخوازی میانڕەوە کە بارزانیی نەمر پێشەنگی بوو، دواتر ئەوانەی لەسەر رێبازی ئەو لە کوردستانی عێراق بەردەوام بوون، هاوکات هەندێ لقی دیکە لە بەشەکانی دیکە، کە ئەو سەردەمە خۆی لە (قوتابخانەی ئاب لە سووریا، گرووپی دکتۆر شڤان لە تورکیا، باڵی ئەحمەد تۆفیق بایران)دا دەبینییەوە، دووەم- نەتەوەخواز و پۆپۆلیستی



و سەرکێش و هەلپەرست کە (ی ن ك) لە کوردستانی عێراق سەرکردایەتیی دەکرد، دواتر سەرکردایەتییەکە گواسترایەوە بۆ (پەکەکە) لەگەڵ ڕەوتەکانی دیکەی لایەنگری ئەو لە بەشەکانی دیکەدا، وەك ڕاسترەو و ئەوانی دیکەی سووریا، ڕێبازی یەکەم تائێستا لە چوارچێوەیەکی ستراتیژیی دروستدایە، لەگەڵ لاوازیی لە ڕێکخستن و تەکتیك و مامەڵەی هەڵە لەگەڵ دۆسییەی کوردی سووریا، لەکاتێکدا دووەمیان گەیشتە ئەوەی کە زیان بە کێشەی کورد بگەیەنێت، هاوکات ناوەڕۆکی دیموکراسیی ڕەوا لە بزووتنەوەکە بەتاڵ بکاتەوە، بەڵام لە ڕێکوپێکی و توندوتۆڵیدا پێشکەوتووە، هەروەها لە دارشتنی پیلان و هاوسۆزی لەگەڵ دوژمنان و گرەوکردن لەسەر چارەنووس، ئێمە کە لە سەرەتای هەزارەی سێیەمداین پێمانوایە کە هەڵسەنگاندنی پێشوو تا ئێستا هەر ئەویان ڕاستە.

هەندێ خاڵی گرنگ هەن بۆ بەهێزکردنی پێگەی ڕێبازی یەکەم پێویستن(نەتەوەیی و دیموکراسیخوازی میانڕەوە)و بۆ چەسپاندنی و دارشتنەوەو پێداچوونەوە بە ئەزموونە دەوڵەمەندەکەی لە سەرتاسەری بەشەکانی کوردستاندا، بەتایبەتیش لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا، نەخاسمە بنکە ئەکتیڤە مێژووییەکەی و سەرچاوە ڕەسەنەکەی کە بریتییە لەوانەی پەیڕەوکاری ڕێبازیی بارزانیی نەمرن، ئەمەش بە چارەسەرکردنێکی زانستی و بابەتییانە و ڕەخنەگرانە، بە مەبەستی گەیشتن بە دارشتنەوەی نەخشەی ستراتیژیی ڕوونی کاری نەتەوەیی کوردستانی، لەسەر بنەمای هەماهەنگی و کاری هاوبەش و ڕێزگرتنی تایبەتمەندییەکانی کەسانی دیکە، هەروەها دوورکەوتنەوە لە شێوازو ڕێگەکانی مامەڵە چەوت و بەسەرچووەکانی پێشوو کە لە ئێستادا بێ سوودن، تەنانەت زیان بە ڕایەڵەکانی مێژوو و جوگرافیا دەگەیەنێت، بۆیە بەم ئاراستەیە دەکرێ بەر لە پیلانەکانی ڕێبازی سەرکێش و وێرانکەر بگیرێت، کە خەریکە دەستکەوتەکانی گەلی کوردستانی عێراق لەبەین دەبات، هیوا و ئاوات و خواستەکانی گەلی کوردستانی سووریاو بەشەکانی دیکە زیندەبەچاڵ دەکات.

**لە ساڵڕۆژی یەکەمی ریفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستانی عێراقدا دەڵێم: زۆر لە گەلان خاوەنی پاڵەوانی سەربەخۆیی خۆیانن، لەوانەش کە لە ژیاندا ماوەو سەرکردایەتیی گەلەکەی کردووە و خەونی ئازادی و سەربەخۆیی بۆ وەدیهێناون، هەروەها هەیانە کە دەیان ساڵ خەباتی کردووەو هەلومەرجی بابەتی و خودی یارمەتییان نەداوە تا ئەو خەونەیان بۆ بێنێتەدی**




**جەیمس سپێرلینگ**

پرۆفیسۆری زانستی سیاسی بۆ گوڵان:

# خواستی ئەوە هەیە یەکێتی ئەورووپا رۆڵێکی بەرچاوتر لە سیستمی نێودەوڵەتیدا ببینێت و ببێتە پارسەنگ بۆ سنوورتێپەڕاندنەکانی ئەمریکا

**جەیمس سپێرلینگ پرۆفیسۆری زانستی سیاسییە لە زانکۆی ئاکرۆن. پێشتریش وانەبێژ بووە لە زانکۆی میشیگان ستەیت، کۆلێژی داڤیدسۆن و کۆلێژی جەیمس مادیسۆن و وانەبێژی سیاسەتی جیهانی و حکومەت (سیاسەتی بەراوردکاری و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان)، و سیاسەتی نێودەوڵەتی و دامەزراوەکان و سیاسەتی ئەمنی بەراوردکارییە. لە توێژینەوەکانیدا بایەخ بە سیاسەتی ئەمنی و ئابووریی وڵاتی ئەڵمانیا و ئاسایشی جیهانی و ئاسایشی ناوچەیی لە چوارچێوەی سیستمی نێودەوڵەتیی هاوچەرخدا دەدات. هەروەها گرنگی دەدات بە پرسەکانی پەیوەست بە ناتۆ و حوکمڕانیی جیهانی. گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرسێکی لەگەڵدا تاوتوێ کرد کە پەیوەست بوون بە باری ئێستای کاروبارە جیهانییەکان و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و ئاکامەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئیدارەی سەرۆك ترەمپ لەسەر لاوازکردنی دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان و هاوپەیمانێتییەکان و چەند پرسێکی دیکەی پەیوەندیدار و ئەمەش دەقی دیمانەکەیە.**

*** لە ئێستادا زۆر باس لەوە دەکرێت کە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و سیستمی نێودەوڵەتی پێ دەنێنە نێو قۆناغێکی نوێوە، پێتانوایە سرووشتی ئەو ئاڵوگۆڕە چین کە ڕوویانداوەو ئایا جیهان بە چ ئاراستەیەکدا هەنگاو هەڵدەگرێت؟ ئایا پێتوایە جارێکی دیکە ڕۆژگاری شەڕی سارد سەریهەڵداوەتەوە و دووبارە ڕکابەریی نێوان هێزە مەزنە جیهانییەکان دروست بۆتەوە؟**

- ئەوەی لە ئێستادا بەدی دەکرێت و دەتوانین ئاماژەی پێ بکەین، بریتییە لە نارەزایەتییەکی گشتی لە نێو خودی ئەمریکا لەبارەی چۆنیەتی مومارەسەکردنی ئەو دەسەڵاتەی ئەمریکا هەیەتی. کەسایەتییەکانی نێو ناوەندی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا باوەڕیان وایە کە دەسەڵاتی ئەمریکا بە هەدەر چووەو بەفیرۆ دراوە لە پێناوی بەدەستهێنانی چەند ئامانجێکی گومانهەڵگردا (وەك بڵاوکردنەوە و پەرەپێدانی دیموکراسی لە ڕێی لوولەی تفەنگەوە) و ئەو شەڕانەی لە عێراق و ئەفغانستان هەڵیگیرساند لە دوای ساڵی ٢٠٠٣وە، کە ناچار نەبوو، بەرپایان بکات. هەروەها لە چەند ناوچەیەکی جیهانیشدا نارەزایەتی هەیە لە ئاست چۆنیەتی مومارەسەکردنی دەسەڵاتی ئەمریکادا، کە ئەم ناوچانەش لە ڕووی مێژووییەوە بە زۆنی دەستڕۆیشتوویی هێزە هەڵکشاوەکان هەژمار کراون، کە بەرچاوترینیان وڵاتانی ڕووسیا و چینن. هەرچۆنێك بێت، من دڵنیا نیم لەوەی ململانێی نێوان هێزە مەزنەکان چ شێوە و فۆرمێك وەردەگرێت، بەڵام ئەوەی گومان هەڵناگرێت ئەوەیە کە بەرژەوەندییە پێکداچوو و یەکتربڕەکانی دەوڵەتانی ناوچەی ئۆقیانوسی هێمنی هیندی کاریگەری و ڕەنگدانەوەیان لەسەر ڕەنگڕێژکردنی ئەم ململانێیە دەبێت.

*** بەڵام لەلایەکی دیکەوە باس لەوە دەکرێت کە سیاسەتی دەرەوەی ئیدارەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ بە چەشنێکە کە بۆتە هۆی دروستبوونی گومان یان لاوازبوونی دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان و کاری هەمەلایەنەکان، تا چەند هاوڕایت لەگەڵ ئەم لێکدانەوەیەداو تا چەند ئەم ڕەخنانە واقیعین؟**

- ئەوەی گومان هەڵناگرێت ئەوەیە کە سەرۆك دۆناڵد ترەمپ هەوڵیداوە ئەم دامەزراوانە لاواز بکات، بەڵام ئەگەری ئەوە هەیە هەوڵ و کۆششەکانی ئیدارەی ئێستای ئەمریکا بۆ لاوازکردنی ئەو دامەزراوانە شکست بهێنن، ئەویش بەهۆی ئەوەی کە دەوڵەتانی دیکەی نێو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی درك بەوە دەکەن کە ئەم دامەزراوانە چەند گرنگن. کە پێموایە ئەمەش خۆی لە خۆیدا هەواڵێکی باشە.

*** پەرەسەندنێکی دیکەی بەرچاوی دیکە کە لە ئیدارەی ئێستای ئەمریکا بەدی دەکرێت، بریتییە لە پەنابردنەبەر یان بەکارهێنانی فشار و سزای ئابووری وەك ئامرازێك بۆ ئەنجامدانی سیاسەتی دەرەکیی وڵاتەکەی، پێتوایە تا چەند ئەمە سیاسەتێکی سەرکەوتوو و کارایە و دەرئەنجامی خوازراوی لێدەکەوێتەوە؟**

-لە ڕاستیدا ناکرێت ئەو سیاسەتانە وەك تاکە

**فشاری ئابووری لەبەرامبەر وڵاتانی وەک مەکسیک، کەنەدا، وڵاتانی یەکێتی ئەوروپا و یاباندا، لە هەموو ڕوویەکەوە دەرئەنجامی پێچەوانە و نەخوازراویان لێدەکەوێتەوە**

سیاسەتێك لێكبدرێتەوە، لەبەر ئەوەی ئێمە دەزانین کە ئامانجەکانی سیاسەتی ئەمریکا جیاوازە لە پەیوەندی بە سرووشتی کێشەکە و بەو وڵاتەی کە ڕێکارەکەی لەبەرامبەردا دەیگیرێتەبەر. فشاری ئابووری لەبەرامبەر وڵاتانی وەك مەکسیك، کەنەدا، وڵاتانی یەکێتی ئەوروپا و یاباندا، لە هەموو ڕوویەکەوە دەرئەنجامی پێچەوانە و نەخوازراویان لێدەکەوێتەوە. بەڵام سەپاندنی ڕسوماتی گومرکی بەسەر وڵاتی چیندا وەك پرسیارێکی کراوە دەمێنێتەوە، واتە دەبێت چاوەڕوان بین، چونکە ئەگەر ئەم هەنگاوانە ببێتەهۆی بەدیهێنانی شەفافییەتی زیاتر و ببێتە مایەی ئەوەی باشتر مافەکانی موڵکداریێتی فیکری -ئەو بابەتانەی دیکە کە چین ئیستیغلالیان دەکات- بپارێزرێت، ئەوا ئەو کاتە خزمەت بە ئامانجەکەی دەکات. کەواتە ئەو پرسیارەی کە دەکرێت وەڵام بدرێتەوە، ئەوەیە ئایا هیچ ستراتیژیەتێکی هەیە لە پشت سەپاندنی ڕسوماتی گومرکییەوە، یان مەسەلەکە تەنیا ئەوەیە کە کۆشکی سپی لە سایەی دەسەڵاتی ترەمپەوە سیاسەتێکی ساویلکانەی بازرگانی پیادە دەکات.

*** ئەی باشە چۆن لە ڕۆڵی یەکێتی ئەوروپا لە ئایندەدا دەڕوانیت؟ ئایا تا چەند یەکێتی ئەوروپا دەتوانێت ڕۆڵێکی کاراتر ببینێت لە چارەسەرکردنی کێشە جیهانییەکان، بەتایبەتی کێشە و تەحەددیە ئەمنییەکاندا، بە تایبەتی ئەگەر ئێمە ئەو ڕاستییە لەبەرچاو بگرین کە لە ئێستادا کەلێنی نێوان یەکێکی ئەوروپا و ئەمریکا لە زیادبووندایە لە پەیوەندی بە چەند تەحەددیی گرنگەوە، بۆ نموونە، لە پەیوەندی بە هەڵوێستیانەوە لە ئاست پڕۆگرامی ئەتۆمیی ئێرانەوە؟**

- ئەوەی لە ئێستادا بەدی دەکرێت ئەوەیە کە زۆر کەس خوازیاری ئەوەن یەکێتی ئەوروپا ڕۆڵێکی بەرچاوتر ببینێت لە سیستمی نێودەوڵەتیدا و ببێتە پارسەنگ بۆ سنوورتێپەڕاندنەکانی ئەمریکا. بەڵام لە هەمان کاتدا ئێمە ئەو ڕاستییەش دەزانین کە یەکێتی ئەوروپا لەسەر ئاستی ناوخۆیی بە دەست دابەشبوونەوە دەناڵێنێت، بەتایبەتی لە پەیوەندی بە بەکارهێنانی هێزی سەربازی و پەنابردنەبەر فشارەوە بە شێوەیەکی گشتی. لە دەرئەنجامدا، ڕەنگە ڕۆڵی یەکێتی ئەوروپا ڕووبەڕووی سنووربەندی و کۆت و بەند ببێتەوە، کاتێك بیەوێت هەوڵی میانگیریی ئەو ناکۆکییانە بدات کە لایەنەکانی خوازیاری ئەوەن چارەسەرێك بەدی بێت کە پێویستی بەوەیە هێزێکی بێلایەنی دەرەکی دەستەبەری بکات.

*** کەواتە پێتوایە تێڕوانینە جیاوازەکانی نێوان یەکێتی ئەوروپا و ئەمریکا، دەبێتەهۆی دروستبوونی درز و کەلێن لە نێوانیاندا، یان بەلای کەمەوە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا دەبێتەهۆی ئەوەی بە شێوەیەکی حەتمی یەکێتی ئەوروپا ڕێکاری پێچەوانە بگرێتەبەر؟**

- ئەوەی دەتوانین بیڵێین ئەوەیە کە لە دوای دامەزراندنی ناتۆوە درز و کەلێن لە نێوان ئەوروپییەکان و ئەمریکادا هەبووە. بەڵام هۆکاری ئەو ناکۆکییەی حاڵی حازر لە نێوان ئەمریکا و یەکێتی ئەوروپادا هەیە، بۆ خودی ترەمپ دەگەڕێتەوە، نەك بۆ بەرژەوەندییە جیاوازەکان. لەم ڕوانگەیەوە من پێموایە ئەگەر بێتو پارتی کۆمارییەکان لە دوای کۆتاییهاتنی دەسەڵاتی ترەمپیش، سیاسەتی دەرەوەی ترەمپ پیادە بکەن، ئەو کاتە خۆلادان لە دروستبوونی جۆرێك لە کەلێن و درزی هەمیشەیی لە نێوانیاندا کارێکی زەحمەت دەبێت.

*** ئاماژەتان بە ڕێکخراوی ناتۆ کرد، بەڵام ئێمە دەزانین کە یەکێك لە لێدوانەکانی دۆناڵد ترەمپ لە بارەی ناتۆوە ئەوە بوو کە ڕێکخراوێکی بەسەرچووە، بۆچوونی ئێوە چییە لەم بارەیەوە و ئایا پێتوایە لە ئایندەدا ئەم ڕێکخراوە دەتوانێت چ ڕۆڵێك ببینێت، یان ئایا چ گۆڕانکارییەك لە ڕۆڵی ئەم ڕێکخراوەدا پێویستە بەدی بێت؟**

- ناتۆ لە دۆخێکی باشدا دەبێت لە ئایندەدا. ناتۆ ئەرکی زۆر گرنگ ئەنجام دەدات و جگە لە چەند کەسایەتییەکی کەم لە نێو کۆشکی سپیدا، ئەوا نوخبەی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا هیچ گومانێکی نییە لەبارەی ئەوەی کە ناتۆ بناغەی ئاسایشی ئەمریکا و سیستمی جیهانییە.

*** وەك شارەزایەکی سیاسەتی دەرەوەی ئەڵمانیا، پێتوایە ئەم وڵاتە کە هێزێکی ئابووریی مەزنە، پێویستە ڕۆڵی بەرچاوتر و زیاتر بگێڕێت لەسەر شانۆی نێودەوڵەتی و ئایا دەتوانێت ڕۆڵێکی لەم چەشنە ببینێت؟**

- حاڵی حازر ئەڵمانیا ئەم ڕۆڵە دەبینێت، بەڵام بە شێوەیەکی سەرەکی وەك ئەندامی یەکێتی ئەوروپا. من دڵنیا نیم لەوەی ئەڵمانیا بتوانێت بە تەنیا ئەم ڕۆڵە ببینێت. ئێمە دەزانین ئەڵمانیا ئەو هێز و توانا سەربازییەی نییە کە بواری ئەوەی پێ بدات بە تەنیا ئۆپەراسیۆنی دەرەکی ئەنجام بدات، هەروەها ناخوازێت ئەم کارەش بکات، هەروەها ئەڵمانیا هیچ خواستێکی ڕاستەقینەی نییە بۆ ئەوەی لە دەرەوەی چوارچێوە فرەلایەنەکان کار بکات.

**جگە لە چەند کەسایەتییەکی کەم لە نێو کۆشکی سپیدا، نوخبەی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا هیچ گومانێکی نییە لەبارەی ئەوەی کە ناتۆ بناغەی ئاسایشی ئەمریکا و سیستمی جیهانییە**

**هۆکاری ئەو ناکۆکییەی حاڵی حازر لە نێوان ئەمریکا و یەکێتی ئەوروپادا هەیە، بۆ خودی ترەمپ دەگەڕێتەوە، نەک بۆ بەرژەوەندییە جیاوازەکان**

**ئەڵمانیا ئەو هێز و توانا سەربازییەی نییە کە بواری ئەوەی پێ بدات بە تەنیا ئۆپەراسیۆنی دەرەکی ئەنجام بدات**




## جێنی سۆرێز

بەڕێوەبەری پڕۆگرامی کاروباری نێودەوڵەتیی لە زانکۆی نیوهەمپشەیەر بۆ گوڵان:

# تەوژمێک هەیە پێیوایە مەزنبوونی ئەمریکا لەوەدایە گۆشەگیر بێت

**جێنی سۆرێز پرۆفیسۆرە لە بەشی زانستی سیاسی لە زانکۆی نێوهەمپشەیەر و بەڕێوەبەری پرۆگرامی کاروباری نێودەوڵەتیی لە هەمان زانکۆ، پێشتریش توێژەر بووە لە سەنتەری دیراساتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە کۆلێژی سانت ئەنتۆنی، ئۆکسفۆرد، هەروەها لە سەنتەری بەلفێر بۆ زانست و کاروباری نێودەوڵەتیی لە زانکۆی هارڤارد. وانەبێژی چەند بوارێکی گرنگە وەك پێگەی ئەمریکا لە کاروباری نێودەوڵەتیی، سیاسەتی بەراوردکاری لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، دەوڵەت و کۆمەڵگە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجامدا کە تەوەرەکانی پەیوەست بوون بە کاروباری نێودەوڵەتیی و سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا و دۆخی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و چەند پرسێکی دیکە کە بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.**

*** وەك کەسێکی شارەزا، پێتوایە لە ئێستادا ڕەوشی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و ململانێی هێزە نێودەوڵەتییە مەزنەکان بە چ ئاقار و ئاراستەیەکدا دەڕوات و ئایا دەکرێت پێشبینی هەڵکشانی زیاتری گرژییەکانی نێوان ئەو هێزانە بکەین؟**

- ئەمە پرسیارێکی باشە، بە دڵنیاییەوە ئێمە هەندێ لە هەڵکشانی بارگرژییەکان بەدی دەکەین، بەڵام لە نێوان هێزە ئیقلیمییەکاندا، لەگەڵ ئەوەشدا من باوەڕم وانییە ئێمە دەگەڕێینەوە بۆ ڕۆژگاری شەڕی سارد، ئەگەر تەنیا لەبەر ئەوەش بێت کە سەرۆك دۆناڵد ترەمپ نایەوێت بچێتە نێو ئەم جۆرە ململانێیەوە لەگەڵ ڕووسیادا، هەروەها لە ئەمریکا جیاوازی هەیە لە نێوان هەڵوێستەکانی کۆنگرێس و ئیدارەی کۆشکی سپیدا. کەواتە ناکرێت بڵێین ئەمریکا یەك چەشنە سیاسەت لە هەموو بەشەکانی جیهاندا پیادە دەکات، چونکە خۆی لە تێوەگلان لە هەندێ ناوچە بە دوور دەگرێت، بەڵام لە هەندێ ناوچەدا ڕۆڵی هەیە. ئەوەی پەیوەندی بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە هەبێت، ئەوا هەروەك ئاشکرایە ئەمە ناوچەیەکی ئاڵۆزە، کە بەهۆی بوونی دەوڵەتی شکستخواردوو و دەوڵەتی ناکاراوە (بەراورد بە ڕابردوو)، لە ئێستادا کاراکتەرە ناودەوڵەتییەکان لەسەر ئاستی مەحەلی و هەرێمە نیچمە سەربەخۆکان ڕۆڵێکی زیاتر دەبینن. کەواتە لە ئێستادا سیاسەتی مەحەلی بە ڕادەیەکی گەورە گرنگە، هەروەها ململانێی نێوان هێزە ئیقلیمیەکانیش کە هەڵدەستن بە دابینکردنی دارایی و پڕچەککردنی ئەم هێزە مەحەلییانە زۆر گرنگە.

**فشارخستنە سەر ئێرانو دەرئەنجام و ڕەنگدانەوەی نەرێنی لەسەر پەیوەندییەکانی نێوان ئەمریکا و یەکێتی ئەوروپا دەبێت**

*** ئاماژەت بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کرد، کە ئێمە دەزانین لە ئێستادا مشتومڕێکی زۆر دەکرێت دەربارەی سیاسەتی ئیدارەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ لە ئاست ئەم ناوچەیە، پێتوایە ئەولەوییەت و بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لەم ناوچە گرنگ و ستراتیژەدا چین؟**

- لە ڕاستیدا ئەوەی بەدیدەکرێت ئەوەیە کە ئەم ئیدارەیە بڕیاری داوە ئەولەوییەت بداتە چەند هاوپەیمانێك لەسەر حیسابی ناوچەکە بەگشتی، کە بە دڵنیاییەوە و بە ڕادەیەکی سەرەکی تەرکیزی لەسەر سعودیە و ئیسرائیل کردۆتەوە. کارێکی کردووە ئەم دوو وڵاتە بتوانن چەند ڕەفتار و هەڵسوکەوتێك ئەنجام بدەن کە دژ و پێچەوانەی نۆرمە نێودەوڵەتییەکانن، کە دەکرێت لەم ڕوانگەیەوە بڵێین سیاسەتێکی تەواو تێکدەرانە بووە.

*** بەڵام ئەوەی زەق و بەرچاوە لە سیاسەتی دەرەوەی ئیدارەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپدا پەنابردنیەتی بۆ گرتنەبەر و بەکارهێنانی سزا و فشاری ئابووری بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی یان بۆ ناچارکردنی نەیارەکانی تاوەکو ناچار بە سازشکردنیان بکات، بەتایبەتی لە ئاست ئێراندا، خوێندنەوەی ئێوە بۆ ئەم شێوازی کارکردنە چییە؟**

- ئەوە ئاشكرایە كە ئەمریكا بڕیاری جێهێشتنی ڕێككەوتنە ئەتۆمییەكەی لەگەڵ ئێران داوە، ڕوونە ئەمریكا لەم هەنگاوەیدا هاوتەریب بە تێڕوانینی سعودیە- كە تێڕوانینێكی ناتەواوە- بۆ ناوچەكە هەنگاوی هەڵگرت. كە لە دەرئەنجامدا ئەو بەرەوپێشچوونەی لە هەوڵە هاوبەشەكانی نێوان ئەمریكا و یەكێتی ئەوروپادا بەدیهاتبوو، لە ئێستادا لەئارادا نەماوە. لێرەدا مەبەستم ئەوەیە بڵێم كە فشارخستنە سەر ئێران دەرئەنجام و ڕەنگدانەوەی دەبێت لەسەر پەیوەندییەكانی نێوان ئەمریكا و یەكێتی ئەوروپا، كە ڕەنگدانەوە و دەرهاویشتەیەكی تەواو سلبییە. هەروەها ئەوەی پەیوەندی بە كاریگەریی سزاكانەوە هەبێت لەسەر ئێران، ئەوا ئەم سزایانە دەبنە هۆی بەهێزكردنی پێگەی كەسایەتییە سەختگیرەكان، چونكە بە تێڕوانینی ئەوان دەكرێت لە ساتەوەختێكدا كۆتایی بە هاوكاریكردن بهێنرێت لەلایەن وڵاتە بەهێزەكانەوە، كە ئەمەش خۆی لە خۆیدا دەبێتە هۆی لاوازكردنی میسداقیەتی ئەمریكا لەو گفتوگۆیانەی لە داهاتوودا ئەنجامیان دەدات لەگەڵ هەر لایەنێكدا بێت، نەك تەنیا ئێران.

*** ئامـاژەت بـە كشـانەوەی ئەمریـكا كـرد لـە ڕێككەوتنـە ئەتۆمییەكـە، بـەڵام ئـەوەی ئاشكرایە ئەمریـكا لـە چەنـد ڕێككەوتنـی دیكـەی نێودەوڵەتـی كشـاوەتەوە، هـۆكاری ئـەم هەنـگاو و بڕیارانـەی ئەمریـكا بۆچـی دەگەڕێنێتـەوە؟**

- ئەوە ڕاستە كە ئەمریكا لە چەندین پەیماننامەی دیكە كشاوەتەوە، وەك ناتۆ و ڕێككەوتنی پاریسی تایبەت بە ژینگە و.. هتد، بە ڕاشكاوی من پێموایە هۆكارەكە بۆ تێنەگەیشتنی ئەم ئیدارەیە دەگەڕێتەوە لەوەی بۆچی پێویستە ئەمریكا ببێتە ئەندام لە پەیماننامە نێودەوڵەتییەكان، واتە بە تێڕوانینی من ئەوان دیدگایەكی كورتبینانەیان هەیەو پتر لە هەوڵی ڕازیكردنی قاعیدەی جەماوەری ناوخۆییدان، كە پێیانوایە — ئەم بنكە جەماوەرییە- زۆر دژ بە ڕێككەوتنە نێودەوڵەتییەكانە، واتە ئەوان جیهان سادە دەكەنەوە و هەوڵی ڕازیكردنی ئەم تەوژمە پۆپۆلیستیانە دەدەن، كە باوەڕیان وایە مەزنبوونی ئەمریكا لەوەدایە بەرەو گۆشەگیری بڕوات و بەو ئاراستەیە هەنگاو هەڵبگرێت. بەڵام من باوەڕم بەوە نییە كە زۆرێك لە خەڵكی ئەمریكا هاوڕا بێت لەگەڵ ئەم لێكدانەوە و بۆچوونەدا. هەرچەندە من لەگەڵ ئەوەدام كە دەبێت وریا بین و هەڵسەنگاندن بكەین بۆ كاریگەریی ڕێككەوتننامە نێودەوڵەتییەكان لەسەر ئابووری و سیاسەتی ناوخۆی وڵاتەكەت. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت ئەوەمان لە یاد بێت كە هەندێ لەو ڕێككەوتنانە پێویستن بۆ هێنانەدی بەرژەوەندییەكانی ئەمریكا، بەتایبەتی ڕێككەوتنی تایبەت بە ژینگە. چونكە حاڵی حازر ئەمریكا زیانمەندە لە گۆڕانی ژینگە. مەبەستم ئەوەیە بڵێم فەرامۆشكردن و گوێنەدان بەم كێشانە بە مانای ئەوە نییە ئەم كێشانە كۆتاییان هاتووە و چارەسەر بوون. هەمان شت بۆ ڕێككەوتنەكانی تایبەت بە كۆنتڕۆڵكردنی چەك ڕاستە، واتە هەڵوەشاندنەوەی ڕێككەوتنەكانی پەیوەست بە كۆنتڕۆڵكردنی چەك بە مانای ئەوە نییە كێشەیەك بە ناوی كۆنتڕۆڵكردنی چەكەوە لە ئارادا نەماوە.

**هەڵوەشاندنەوەی ڕێككەوتنەكانی پەیوەست بە كۆنتڕۆڵكردنی چەك بە مانای ئەوە نییە كێشەیەك بە ناوی كۆنتڕۆڵكردنی چەكەوە لە ئارادا نەماوە**

*** كەواتـە پێتوایـە ئـەم بڕیـار و هەنگاوانـەی ئەمریكا-كشـانەوە لـە ڕێككەوتـن و پەیماننامـە نێودەوڵەتییـەكان- كاریگـەری پێچەوانـە و نەخوازراویـان لێدەكەوێتـەوەو دەبنەهۆی لاوازكردنـی ئـەو هاوپەیمانێتییانـەی ئەمریـكا لـە جیهانـدا هەیەتـی؟**

- ئەمە ڕاستە و من هاوڕام لەگەڵ ئەم لێكدانەوەیەدا. هەروەها من دەمەوێت لێرەدا ئەوەش زیاد بكەم كە ئەمریكا سیاسەتێكی ڕوونی نییە لە ئاست عێراق، یان ئەفغانستاندا، واتە لەم ڕووەوە گوزارشتیان لە سیاسەتێكی دەرەكیی دیاریكراو نەكردووە. ئەوەی هەیە ئەمریكا وەك هاوپەیمانی سعودیە و ئیسڕائیل هەنگاو هەڵدەگرێت و ئێرانی كردۆتە دیوەزمە، بەڵام بە دڵنیاییەوە چارەسەری دۆخی عێراق بەشدارپێكردنی ئێران لەخۆ دەگرێت. لەلایەك ئەمریكا هیچ سیاسەتێكی نییە لەبارەی پلانی ئاشتی پەیوەست بە ئیسڕائیل و فەلەستینەوە، تەنیا ئەوە نەبێت كە هاوڕایە لەگەڵ هەڵوێستەكانی ئیسڕائیلدا. هەروەها لەگەڵ میسریشدا، كەواتە پاشەكشەپێكردنی بەرەوپێشچوونەكانی بەهاری عەرەبی و كارنەكردن بۆ پەرەپێدانی دەستكەوتە دیموكراتییەكان و تەنانەت گوزارشت نەكردن

**پاشەكشە پێكردنی بەرەوپێشچوونەكانی بەهاری عەرەبی و كارنەكردن بۆ پەرەپێدانی دەستكەوتە دیموكراتییەكان و تەنانەت گوزارشت نەكردن لە پشتیوانیكردنی بۆ دیموكراسی، هەنگاوی كورتمەودان و سەركەوتن بەدەست ناهێنن**

لە پشتیوانیکردنی بۆ دیموکراسی، هەنگاوی کورتمەودان و سەرکەوتن بەدەست ناهێنن.

*** باشە لەبەر رۆشنایی نەبوونی سیاسەتێکی روون لەلایەن ئەمریکاوە بۆ ئەم ناوچەیە- کە ئێمە دەزانین خودی ئەم ناوچەیە بەدەست چەندین قەیران و تەنگژەوە دەناڵێنێت- پێتوانییە دەبێت پێشبینی رۆژگارێکی دوور و درێژی ناسەقامگیری و نائارامی بکەین لە داهاتوودا؟**

- لە راستیدا ئەمە بەندە بەوەی ئێمە باس لە بارودۆخی چ وڵاتێك دەکەین، چونکە رەنگە تۆ هەوڵی پتەوکردنی سەقامگیری لە وڵاتێکدا بدەیت، بەڵام بۆی هەیە ئەمە لە مەودای دووردا مایەی گیروگرفت بێت. مەبەستم ئەوەیە پتەوکردنی رژێمە خۆسەپێنەکان لە ئایندەی دووردا کێشەی لێدەکەوێتەوە، هەروەها نەخستنەگەڕی هەوڵی جددی بۆ هێنانەدی ئاشتی و چارەسەرنەکردنی ناکۆکییەکانی ئەم ناوچەیەش دەبنەهۆی لەباربردنی سەقامگیری. لە هەمووشی گرنگتر ئەوەیە ئەمە دەبێتەهۆی دروستبوونی پانتایی بۆ وڵاتانی رووسیا و چین، هەروەها ئێرانیش، کە رەنگە ئەم وڵاتانەش بیانەوێت سیستمێکی نوێ لە ناوچەکەدا دابمەزرێنن. لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا، دەکرێت بڵێین رۆژگاری هەژموونی ئەمریکا بەسەرچووەو ئەمەش کاریگەری تێکدەرانەی لێدەکەوێتەوە، بە واتای ئەوەی ململانێی نێوان هێزە ناوچیییەکان لەگەڵ یەکتردا توندتر دەبێتەوە و ئەمریکا دەبێتە گەمەکارێکی لاواز، هەرچەندە رەنگە ئەمە هەر رووی بدایە، بەڵام ئەمانە بوونە هۆی خێراتر روودانی.

*** بەڵام سەرۆك دۆناڵد ترەمپ بە ئاشکرا رایگەیاندووە کە چیتر ئەمریکا هەوڵی بنیادنانی دەوڵەت، یان پەرەپێدانی دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ نادات لە جیهاندا، بەتایبەتی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، پێتوایە ئەم خۆبەدوورگرتنەی ئەمریکا دەبێتە هۆی ئەوەی کێشەکانی ئەم ناوچەیە ئاڵۆزتر بکات؟**

- سەرەتا با ئەوە بڵێین کە هەوڵ و کۆششەکانی ئەمریکا لە پەیوەندی بە بنیادنانی دەوڵەتەوە زۆر سەرکەوتوو نەبوون، چونکە هەرگیز ئەوەی لەبەرچاو نەگرتووە کە دەکرێت لە ناوخۆوە چ جۆرە دەوڵەتێك دروست دەبێت، واتە ناکرێت بڵێین پرۆسەیەکی سەرکەوتووی بنیادنانی دەوڵەت هەبووە لە سایە و سێبەری دەستڕۆیشتوویی ئەمریکادا، نەك تەنیا لەبەر ئەوەی پابەندبوونێکی تەواویان نەبووە بەم پرسەوە، بەڵکو بەهۆی ئەوەی کاتی پێویستیشیان تەرخان نەکردووە بۆ تێگەیشتن لەوەی چۆن دەکرێت ئەم دەوڵەتە لە نێو خودی هەلومەرجی ناوخۆییەوە بێتەئاراوە. کەواتە دەکرێت ئەمە واقیعێك بێ، ئەویش ئەوەیە ئەمریکا ناتوانێت وەك هێزێکی دەرەکی دەوڵەتێك بنیاد بنێت. بەڵام پێموایە پەرەپێدانی مافەکانی مرۆڤ پرسێکی تەواو جیاوازە، چونکە ئیدارەی ترەمپ هیچ رێزێکی بۆ مافەکانی مرۆڤ لەسەر ئاستی ناوخۆییش نەنواندووە، چ جای ئەوەی ئەم رێزەی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا خستبێتەڕوو. کەواتە کاتێك تۆ کار لەسەر وروژاندنی دەمارگیری و ترس لە کۆچبەران و لەوانی دیکە دەکەیت، ئەوا بوێری دەدەیتە ئەو کەسانەی ئەم کارانە لە شوێنەکانی دیکە دەکەن، ئەمە لایەنە خراپەکەی ئەم جۆرە سیاسەتەیە، چونکە ئەو کاتە وڵاتانی دیکەش ئاماژە بەوە دەکەن کە ئەوەتا ئەمریکاش بەم شێوەیە هەڵسوکەوت دەکات. بەڵام دەبێت ئەوەشمان لەیاد بێت کە ئەمریکا سیاسەتێکی ناجێگیری هەبووە لە بارەی مافەکانی مرۆڤەوە، بەڵام ئەوەی نوێیە ئەوەیە بە تەواوەتی ئەم پرسە پشتگوێ بخات. بەڵام سەرەڕای هەموو ئەوانەی ئاماژەم پێکردن، ئەوا من پێموانییە دوای دوو ساڵی دیکە جڵەوی دەسەڵاتی ئیدارەی ئەمریکا بە دەست دۆناڵد ترەمپەوە بێت.

*** بەڵام پێتوایە کشانەوە و بە خۆبەدوورگرتنی ئەمریکا لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بژاردەیەکی واقیعبینانە بێت، بەتایبەتی کە ئەمریکا چەند بەرژەوەندیی ستراتیژی و گەورەی لەم ناوچەیەدا هەیە؟**

- ئەوەی ئێوە دەیڵێن راستە، بەڵام دەبێت ئێمە وریا بین، کاتێك مەسەلەکە بە پاشەکشە و خۆبەدوورگرتن وەسفی دەکەین، چونکە ئێمە دەزانین ئەمریکا خۆی بە دوور نەگرتووە لە کەنداوی فارس، هەروەها ئەوەش راستە کە ئەمریکا بەردەوامە لە درێژەپێدان بە هاوکاری سەربازی و فرۆشتنی چەك نەك تەنیا بە

**پتەوکردنی رژێمە خۆسەپێنەکان لە ئایندەی دووردا کێشەی لێدەکەوێتەوە، هەروەها نەخستنەگەڕی هەوڵی جددی بۆ هێنانەدی ئاشتی و چارەسەرنەکردنی ناکۆکییەکانی ئەم ناوچەیەش دەبنەهۆی لەباربردنی سەقامگیری**

**هەوڵ و کۆششەکانی ئەمریکا لە پەیوەندی بە بنیادنانی دەوڵەتەوە زۆر سەرکەوتوو نەبوون، چونکە هەرگیز ئەوەی لەبەرچاو نەگرتووە کە دەکرێت لە ناوخۆوە چ جۆرە دەوڵەتێك دروست دەبێت**

**ئیدارەی ترەمپ هیچ رێزێکی بۆ مافەکانی مرۆڤ لەسەر ئاستی ناوخۆییش نەنواندووە، چ جای ئەوەی ئەم رێزەی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا خستبێتەڕوو**



وڵاتانی کەنداوی فارس، بەڵکو بە وڵاتانی دیکەی ناوچەکە. کەواتە دەکرێت بڵێین ئەم خۆبەدوورگرتنە تەنیا لەسەر ئاستی گوتارەو ئەوەتا هێشتا پەیوەندییە ئابووری و سەربازییەکانی ئەمریکا لەم ناوچەیەدا کۆتاییان نەهاتووە.

*** بەڵام ئاماژەت بەوە کرد کە هەندێ لە هەنگاوەکانی ئەمریکا بوونەتە هۆی ئەوەی بۆشایی و پانتایی دروست بێت و ئەمەش دەرفەتی دروست کردووە کە هێزەکانی دیکە هەوڵی پڕکردنەوەی بدەن، دەکرێت لەم رووەوە روونکردنەوەی زیاتر بدەن؟**

- من ناتوانم بە شێوەیەکی گشتی قسە بکەم، چونکە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ناوچەیەکی یەکڕەنگ نییە، واتە دەبێت لەم رووەوە زۆر وریا بین لەبارەی ئەوەی ئێمە باس لە چ کەیس و چ وڵاتێك دەکەین و باس لە چ ماوەیەکی زەمەنیش دەکەین، چونکە نەك تەنیا ناوچەیەك بۆ ناوچەیەکی دیکە جیاوازە، بەڵکو ناوچەیەکی دیاریکراو لە دوو ماوەی زەمەنیدا جیاوازە. بۆ نموونە ئەگەر ئێمە باسی سووریا بکەین، ئەوا ئاشکرایە کە ئەمریکا گەمەکارێکی گەورە نییە لەم وڵاتەدا و پتر گۆڕەپانەکەی بۆ هێزەکانی دیکەی -وەك رووسیا- چۆڵ کردووە.

*** ئەگەر پێشبینی بۆ داهاتووی ئەم ناوچەیە بکەیت، ئایا باشترین و خراپترین سیناریۆ چین کە دەکرێت روویبدەن؟**

- باشترین سیناریۆ ئەوەیە کە حکومەتەکانی ئەم ناوچەیە بڕیاری ئەنجامدانی چاکسازی بدەن و لە بری کوشتن و سەرکوتکردنی خەڵکەکە گوێیان بۆ بگرن و کاری زیاتر بکەن لەوەی تا ئێستا وڵاتانێکی وەك ئەردەن و مەغریب ئەنجامیان داوە، واتە درك بەوە بکەن کە دەبێت خۆیان لەگەڵ هەلومەرجەکەدا بگونجێنن. بە دڵنیاییەوە خراپترین سیناریۆش بەردەوامبوونی شەڕە درێژخایەنەکانە کە هیچ دەرئەنجام و چارەسەرێکیان لێ نەکەوتۆتەوە، وەك ئەوەی لە عێراق و سووریادا بەدی دەکەین، واتە بە دەست رۆژگارێکی دوورو درێژی توندوتیژی سیاسی و ناسەقامگیریی ئابووری و نەبوونی دەرفەت بۆ زۆرێك لە خەڵکی دەناڵێنن.